گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین

Journal of University of Raparin.

مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130    P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/g0me3173

ڕێکەوتی وەرگرتن: 2026/04/04
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 2026/06/14
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 2026/06/20

# قەشە کۆتن مازەر و ڕۆڵی لەپێشخستنی زانست لەنشینگەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا١٦٦٣-١٧٢٨

**دارەوان عبدالقادر احمد**

darawan.ahmed@koyauniversity.org

بەشی مێژوو، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە - ٤٤٠٢٣، هەرێمی کوردستان، کۆماری عێراقی فیدراڵ.

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە دەربارەی"کۆتن مازەرو ڕۆڵی لە پێشخستنی زانست لە نشینگەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا١٦٦٣-١٧٢٨"یە. ئەم بابەتە زانستییە یەکێکە لەگرنگترین و هەستیارترین بابەتەکان لەمێژوی نوێی ئەمریکادا، لەبەرئەوەی پەیوەستە بە ڕۆڵ و کاریگەری یەکێک لە دیارترین زانا و پیاوی گەورەی ئاینی پیوریتانییەکان لە بواری زانستدا لەکۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی هەژدەهەم، کە وەك زانایەکی بلیمەت بەدیارکەوت و چەندین بەرهەمی زانستی بڵاوکردەوە و داهێنانی یەکجار گەورەی زانستی ئەنجامدا، کە بۆ ئەو سەردەمە ئەستەم بو، ئەم کارە سەرسوڕهێنەرانەی کۆتن لەڕوی زانستییەوە ئەنجامیدا کاریگەری زۆریان بەسەر بەشێکی زۆری ڕوداوە مێژوییەکانی نشینگەکان لە ئەمریکادا هەبو. لەم ڕوانگەیەوە بە بەکارهێنانی سەرچاوە ڕەسەن و زانیاریە زانستیە بەنرخەکان، بەپێی میتۆدی زانستی نوسینەوەی مێژویی و شیکارکردنی وردی زانیارییە زانستی و ڕوداوە مێژوییەکان هەوڵمانداوە شرۆڤەی ئەم بابەتە گرنگ و ئاڵۆزە بکەین، لەبەر ئەمە گرنگی و بەهای زانستی ئەم توێژینەوەیە لەوە دەردەکەوێت، کە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کۆتن سەرەڕای ئەم هەمو دۆخە ناهەموارەی لەوکاتەدا نشینگەکان تێدا بون و توشی هاتن، توانی بارودۆخەکە بەباشی بەکاربهێنێت و بیقۆزێتەوە بۆ ئەنجامدانی چەندین کاری زانستی گەورە، بەشێوازێک ئەوەی ئەوی لە زاناکانی دیکەی سەردەمەکەی جیاکردوەتەوە ئەوەیە خۆی وەک کەسێکی ئاینی گەورە هەوڵیداوە ئاین بۆ پشگیرییکردنی لێکۆڵینەوە و داهێنانە زانستییەکان بەکاربهێنێت، ئەمە سەرەڕای داهێنانە زانستییە پزیشکییەکانی کە بونە سەرچاوەی دۆزینەوەی چارەسەری پزیشکی نوێ و ڕزگارکردنی ژیانی هەزاران کەس لەنشینگەکان، وتار و نوسین و پەرتوکەکانی بونە هۆکاری سەرەکی هۆشیارکردنەوەی خەڵکی جیهانی نوێ و فراوانکردنی کایەی زانستی و گەشەسەندنی لێکۆڵینەوە زانستییەکان لەنشینگە ئینگلیزییەکان لە ئەمریکادا.

**کلیلە وشەکان:** کۆتن مازەر، پیوریتان، زانست، پیاوی ئاینی، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.

# Bishop Cotton Mather and His Role in Advancing Science 1663-1728 In the United States

**Darawan Abdulqader Ahmed**
Department of History, Faculty of Education, Koya University, Koya - 44023, Kurdistan Region, F. R, Iraq.

**Abstract**
This study is about "Cotton Mather and his role in the advancement of science in the settlements of the United States from 1663-1728." This scientific research topic is one of the most important and sensitive in the modern history of the United States because it is associated with the role and influence of one of the most prominent scientists and a well-known Puritan clergyman. In the field of science in the late seventeenth and early eighteenth centuries, who emerged as a brilliant scientist, who published a number of scientific works and made great scientific inventions, which had been impossible during his time. His scientific efforts had a potential influence on historical events in the majority of settlements in the United States. From this point of view, the researcher has tried to analyze this important and complex subject by making use of original historical sources and accurate scientific information regarding scientific and historical events. Aligned with this, the importance and scientific value of this research are known from a solid conclusion, which is: Cotton has properly benefited from the circumstances and conditions the settlements have passed through and tried to use religion to support scientific research and innovation. His approach and work outcomes made him distinguished from other scholars during his time. In addition to his scientific inventions that led to the discovery of new medical treatments that saved thousands of lives in the settlements, his articles, writings, and books became the main source of informing the people about the New World and expanding the field of science and the development of scientific research in the English settlements in America.

**Keywords**: Cotton Mather, Puritan, Science, Clergyman, United States of America.

## پێشەکی

لەڕاستییدا قەشە (کۆتن مازەر) بە یەکێک لە کەسایەتییە گرنگ و کاریگەرەکانی مێژوی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا و ڕێبەرانی بزاڤی پێشخستنی ڕەوتی زانستی لە نشینگەکان دادەنرێت، بەهۆی ئەو کارە زانستییە زۆرانەی لەچەندین بواری جۆراوجۆری زانستییدا ئەنجامیدان وەک (مێژو، فەلسەفە، خوداناسی، فیزیا، ماتماتیک، پزیشکی، دەرونی، کۆمەڵایەتی) تاوەکو ئەو ئاستەی توانی بە زیرەکی لێهاتوی زانستی خۆی چەندین داهێنانی گەورەی زانستی ئەنجامبدات، کە بونە فاکتەری سەرەکی بۆ ڕزگارکردنی ژیانی هەزاران مرۆڤ لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا و پاشان گوازرانەوە بۆ ئەوروپا و جیهان، ئەگەرچی ئەم داهێنانە زانستییانە ڕوبەڕوی چەندین ئاستەنگ و ئاڵەنگاری زۆر دژوار و سەخت بونەوە لەلایەن پیاوانی ئاینی گەورە و پزیشکانی سەردەمەکەی، بەڵام دوای سەلماندنی ڕاستی زانستی داهێنانەکانی و سەرکەوتنی لە تاقیکردنەوەیان و ئەو ئەنجامە گەورە و بەرچاوانەی بەدەستیهێنا، وەک کەسایەتییەکی جیهانی ناسرا و بوە خاوەن پێگەیەکی یەکجار بەرزی زانستی، لەم ڕوەوە ئەوەی زیاتر هاوکاری بو لە سەرکەوتنی کارە زانستییەکانی، ئەم پاشخانە زانستیی و مەعریفییە فراوان و گەورە بو کە هەیبو، بە شێوازێک ئەو هیچ کات وەک پیاوانی ئاینی تر بیری لە پێشکەوتنە زانستییەکان نەکردوەتەوە بەڵکو کاری لەسەر دۆزینەوە و دروستکردنی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئاین و زانست کردوە، تاوەکو ئاین و دەقە پیرۆزەکانی سەردەمییان ڕاڤە بکرێن و بکرێنە پاڵپشت بۆ کایە زانستییەکان و بخرێنە خزمەتی زیاتر پێشخستنی ڕەوتە زانستییەکان، لەم ڕوانگەوە (کۆتن) بە یەکێک لە ڕێبەرانی ئاینی گەورەی پیوریتانەکان و جیهانی مەسیحی هەژماردەکرێت کە پێگە ئاینی و کۆمەڵایەتییە گەورەکەی بەکارهێنا و سەرکەوتوانە لە وتارو کۆڕ و کۆبونەوە ئاینیەکانیدا خەڵکی هۆشیار کردەوە و هانیدان زیاتر بەرەو فێربونی زانست و زانیاری

هەنگاو بنێن و ئەوەی وەک یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی باوەڕەی ئاینی پیوریتانی لەقەڵەمدا، بۆیە خەڵکێکی زۆر لە دەوری کۆبونەوە و ئامادەی وتارەکانی بونە و کاریگەری یەکجار گەورەی بەسەر پێشخستنی ڕەوتی زانستی لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا هەبوە، کارە زانستییە گەورە و جیاوازەکانی و ئەو بوارە زانستییە زۆرانەی ڕۆڵی تێدا هەبوە، وایکردوە توێژینەوە زانستییەکان تاوەکو ئێستاش بەردەوام بن بۆ زانینی وردبونەوەی زیاتری بەرهەمە زانستییە نایابەکانی و ڕونکردنەوەی کاریگەرییەکەی بەسەر پێشخستنی ئەم بوارە زانستییە جیاوازانە لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا، بۆیە ئێمە هەوڵمانداوە بە لێکدانەوە و شرۆڤەی زانستی زۆر ورد ئەم بابەتە ڕونبکەینەوە، تاوەکو بتوانین هەڵسەنگاندن بۆ ڕۆڵ و کاریگەری ئەو کەسایەتییە ئاینی و زانستییە گەورەیە لە بەرەوپێشبردنی کایەی زانست و زانیاری لە نشینگەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا بکەین.

سەبارەت بە هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە لەڕاستیدا بابەتی توێژینەکە تازەیە و بەپێی زانیارییەکانی توێژەر و ئەوەندی بەدواداچونی کردوە، تا ئێستا لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و عێراق و کوردستانیش توێژینەوەی لەسەر ئەنجام نەدراوەو گرینگی و بایەخی یەکجار زۆری هەیە بۆ تێگەیشتن و فراوانبونی توانا هزری و مەعریفییەکان و ئاشناکردنی توێژەرانمان بەم بابەتە هەستیارانە لە مێژوی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، بەتایبەتی کاتێک ئەم بابەتە لە چوارچێوەیەکی زانستی و ئەکادیمیدا توێژینەوەی لەسەر بکرێت.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئاشنابونە بە ژیان و کەسایەتی (کۆتن مازەر) و دەرخستنی ئەو بوارە زانستییانەی کاری زانستی تێدا ئەنجام داون، لەم ڕووەوە پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە ئەوەیە بزانین کۆتن مازەر کێیە؟ کەساتییەکی چۆنی هەبوە؟ لە چ جۆرە خێزان و بنەماڵەیەک لەدایکبوە و پەروەردە کراوە؟ کاریگەری خێزان و کۆمەڵگا بەسەر بیرکردنەوەکانییدا؟ تایبەتمەندییە کەسییەکانی چین؟ لایەنە باش و خراپەکانی کەسایەتییەکی تاوەکو چەند کاریگەری بەسەریدا هەبوە؟ ئەو بوارە زانستییانە کامانەن کاری زانستی تێدا ئەنجام داوە؟ داهێنانە زانستییەکانی چین؟ پەیوەندییەکانی لەگەڵ زاناکانی ئەو سەردەمەدا چۆن بوە؟ چۆن گونجاندنی لە نێوان ئاین و زانستدا دروستکردوە؟ تا چەند توانیویەتی ڕۆڵ و کاریگەری لە پێشختنی ڕەوتی زانستی لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا هەبێت؟ دەرخستن و شرۆڤەکردنی ئەم بابەتانە ئامانجی بنەڕەتی توێژینەوەکەیە.

لە نوسینی ئەم توێژینەوە زانستیەدا پشت بە میتۆدی گێڕانەوەی مێژویی و میتۆدی شیکاری بەستراوە، بەشێوەیەک لە کۆکردنەوەی سەرچاوە تایبەتمەندەکان و وەرگرتنی زانیاریە بەپێزەکان، دواتر ڕاڤەکردن و شیکردنەوەیان و پاشان لێکدانەوەی وردیان لەسەر ئەم بابەتانە بۆ بڕیاردانی دروست لەسەریان، کە ئەمەش وادەیکردوە توێژینەوەکە زیاتر بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە بنوسرێت و بەهای زانستی زیاتری هەبێت.

گرفتی ئەم توێژینەوەیە ئەوە بو، کە زۆرینەی سەرچاوەکان لەم بابەتەدا بەزمانی ئینگلیزین و سەختە پەیداکردنیان بەتایبەتی سەرچاوە ڕەسەنەکان، بۆیە ئێمە لە کۆکردنەوەیان ڕوبەڕوی گرفتی گەورە بوینەوە، ئەوە سەرەڕای سەختی زۆر لە وەرگێڕانی بەشێک لەم سەرچاوە ڕەسەنانە بەهۆی ئەوەی ئەو زمانەی کە پێی نوسراون ئینگلیزییەکی کۆنن، و چەمک و دەستەواژەی زانستی زۆریان تێدایە بەتایبەتی لە بواری (پزیشکی و فەلسەفە و فیزیا)دا، بۆیە تێگەشتنی دروست و وەرگێڕان و هەڵهێنجانی مەبەستە بنەڕەتییەکانیان ڕوبەڕوی ئاڵەنگاری زۆری کردینەوە.

پێکهاتەی توێژینەوەکە بە جۆرێکە لە دو تەوەری سەرەکی پێکهاتوە، لە تەوەری یەکەمدا ئاماژەمان بە ژیان و کەسایەتی (کۆتن مازەر)داوە، بەشێوازێک دابەشمان کردوەتە سەر دو خاڵی بنەڕەتی لە خاڵی یەکەمدا بە وردی ژیان و پەروەردەکردنییمان ڕونکردوەتەوە، خاڵی دوەممان بۆ باسکردنی کەسایەتی (کۆتن مازەر) تەرخانکردوە، تێدا تیشکمان خستوەتە سەر سەرجەم تایبەتمەندییە کەسییەکانی و لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی کەسایەتیەکەی، کاریگەری ئەم لایەنانەمان لەسەری دەرخستوە، لە تەوەری دوەمدا بابەتی ڕۆڵ و کاریگەری (کۆتن مازەر)مان لە پێشختنی  زانست لە نشینگەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا ڕونکردۆتەوە، لە دوتوێی دو خاڵی سەرەکی باسی ئەو بەرهەمە زانسییە گرنگ و بەپێزانەیمان باسکردوە کە ڕۆڵیان لەو پێشکەوتنەدا هەبوە و کایەی زانستیان لەوێدا بەرەوپێشبردوە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی بابەتی هۆشیارکردنەوەی خەڵک و هاندانیان بۆ فێربونی زانست و زانیاری و هەوڵ و داهێنانە زانستییەکانی بۆ ڕزگارکردنی ژیانی هەزاران مرۆڤ خراوەتە بەر باس، بۆیە لەم تەوەرەدا جگە لە باسکردنی ڕۆڵەکەی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگا لەڕێگای زانستی دەرونی، باسی ڕۆڵی ناوبراو لە زانستی پزیشکیدا کراوە.

گرنگترین سەرچاوە بەکارهاتوەکان لەم توێژینەوەیە، کە زانیاری زۆر گرنگ و دەگمەنی تێدا بوە، بریتیە لە پەرتوکی نوسەر( Norma Jean Lutz) بەناونیشانی (Cotton Mather, "Author, Clergyman, Scholar")، ئەم پەرتوکە زۆر بەوردی و زانستییانە تیشکی

خستۆتە سەر ژیانی (کۆتن مازەر)، هەر لەدایکبونییەوە تاوەکو گەورەبونی، ویستگەکانی ژیانی و چۆنییەتی پێگەیشتنی یەکە یەکە بەشێوەیەکی زانستی ورد ڕونکردوەتەوە، ئەوە سەرەڕای خستنەڕوی چەندین زانیاری بەنرخ لەسەر بنەماڵەکەی و ئەو بارودۆخەی کە تێدا ژیاوە، لەبەرئەوە سودێکی یەکجار زۆری بۆ توێژینەوەکە، هەروەها یەکێکی تر لە سەرچاوە بە نرخەکان کە زانیاری زۆر بەپێزی بۆ توێژینەوەکەمان تێدا بو، بریتییە لەپەرتوکی ( The American Pietism of Cotton Mather "Origins of American Evangelicalism") لە نوسینی (Richard F. Lovelace)ـە، ئەم پەرتوکە زانیارییەکانی زیاتر لە دەربارەی کەسایەتی (کۆتن مازەر)ە، بە شێوازێکی زانستی و ئەکادیمی هەڵسەنگاندنی بۆ کەسایەتییەکەی کردوە، سەرجەم تایبەتمەندییەکانی کەسایەتییەکی بە ڕونی نیشانداوە و کاریگەری هەر تایبەتمەندییەکی لەسەری بە تەواوەتی ڕونکردوەتەوە، ئەگەرچی لە هەندێکیاندا زیادەڕۆیی و پێداهەڵدانی پێوە دیارە، ئەوەشی بەهۆی سەرسام بون پێی و بەمەبەست ئەنجامداوە، بەڵام بەها زانستییەکەی و وردەکاریی لە دەرخستنی کەسایەتییەکەی وایکردوە گرنگی زۆری بۆ توێژینەوەکە هەبێت، لە هەمان کاتدا یەکێکیتر لەو پەرتوکانەی کە سودی زۆرمان لێ بینی بۆ بابەتەکانی توێژینەوەکە بریتی بو لە(Protestantism, Capitalism, and Nature America)ی (Mark Stoll)، کە وەک بنەمایەکی سەرەکی نوسینی توێژینەوەکە دادەنرێت، لەبەرئەوەی زانیارییەکانی بایەخێکی زۆری بۆ زیاتر چڕبونەوەی توێژینەوەکەمان لەم بوارەدا هەبوە، هەرچەندە بەشێک لە زانیاریەکانی لایەنگری پێوە دیارە، بەڵام ناتوانرێت ئەو ڕاستییە بشاردرێتەوە کە زانیارییەکانی ئەم پەرتوکە تەواو وردن و لە ڕوی زانستییەوە یەکجار گرنگن بەهۆی ئەوەی زۆرێک لە زانیارییەکان کە لەم پەرتوکەدا خراوەتەڕو لەسەر ئەم بابەتە لە هیچ پەرتوکێکی تردا بەردەست نییە و چەندین دەستنوسی بڵاونەکراوەی خودی (مازەر)ی لە نوسینی پەرتوکەکەدا بەکارهێناوە، کە دەستکەوتنیان زۆر سەخت و ئەستەمە، لەبەرئەمە بەشێوەیەکی سەرەکی بنەڕەتی لەم توێژینەوەدا پشتی پێبەستراوە و بەکارهێنراوە.

**تەوەری یەکەم: ژیان و کەسایەتی قەشە کۆتن مازەر**

**یەکەم: ژیانی قەشە کۆتن مازەر**

لەڕاستیدا (کۆتن مازەر- Cotton Mather) کوڕی گەورەی یەکێک لە ڕێبەرانی باڵای ئاینی (پیوریتان)[1]ی (ئینکریس مازەر-Increase Mather١٦٣٩-١٧٢٣) و خاتون (ماریا مازەر-Maria Mather١٦٤٢-١٧١٤)بو، لەڕێککەوتی ١٢ نیسانی ١٦٦٣ لەماڵی باپیرە گەورەی لەناوچەی (کۆتن هێڵ-Cotton Hill)، لەشاری (بۆتسن-Botson) نشینگەی (ماسەچوسیتس-Massachusetts) لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەدایکبوە(Smolinski & Minkema, 2022: xvi).

ئەم بنەماڵەیە بە یەکێك لەبەناوبانگترین و دیارترین بنەماڵەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دادەنرێن، ئەمەش بەهۆی ئەو پێگە ئاینی و کۆمەڵایەتییە بەرزەی هەیانبو، پشکی گەورەی بنیادنانی ئەو پێگەیەش دەگەڕایەوە بۆ باپیرە گەورەی کە یەکێک لە ڕێبەرە گەورەکانی پیوریتانەکان بەناوی (ڕیچارد مازەر-Richard Mather١٥٩٦-١٦٦٩) بو، بەتایبەتی کاتێك لەساڵی ١٦٣٥ بەهۆی نەگونجانی لەگەڵ کڵێسا ئەنگلیکانی لەئینگلتەرا و ڕەتکردنەوەی پابەندبونی بە بنەما ئاینییەکانی کڵێسای ئینگلیزی بڕیاریدا کۆچ بکات بۆ جیهانی نوێ و لە (نیوئینگلەند-New England)نیشتەجێ بو، دوای ساڵێك مانەوەی بەهۆی زیرەکی و دانایی کرا بەپیاوی ئاینی گەورەی کڵێسای سەرەکی (دۆرچیستەر-Dorchester) لە نشینگەی (ماسەچوسیتس)، بەماوەیەکی کەم و دوای بڵاوکردنەوەی بیروبۆچون و تێڕوانینەکانی لەڕێگای وتارە ئاینییەکانیەوە توانی ناوبانگێکی گەورە بۆ خۆی و بنەماڵەکەی لەنشینگەکە و تەواوی نشینگەکانی دیکەی ئەمریکادا دروستبکات، هەر ئەمەش وایکرد ڕۆڵی سەرەکی بگێڕێت لەبەڕێوەبردنی نشینگەکان بەتایبەتی دوای ئەو کارامەییە زۆرەی نیشانیدا لەشیکردنەوەی بابەتە ئاینییەکان و بەڕێوەبردنی کڵێسا و پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت یەکلاییکردنەوەی بابەتە هەستیارە دادوەرییەکان، هەمو ئەمانە بونە بنەمایەکی بەهێزی پێگە و قورسایی کەسایەتی خۆیی و ناو و ناوبانگێکی گەورەش بۆ بنەماڵەکەی (Sparks, 1834/VI: 164).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە ئەو ناوبانگە گەورەی (ڕیچارد مازەر) بۆ کوڕ و نەوەکانی وەك سامانێکی گەورەی مەعنەوی یەکجار گرنگ مایەوە، هەر ئەمەش هۆکاربو بۆ ئەوەی ئەم بنەماڵەیە تاوەکو ماوەیەکی درێژ کاریگەری زۆریان بەسەر ژیانی ئاینی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت کارگێڕی و دادوەریشدا لەنشینگەکانی ئەمریکادا هەبێت، بە بەڵگەی ئەوەی لەسەرجەم بابەتەکاندا پرس و ڕاوێژ بەبنەماڵەی مازەر کراوە و سەرنجەکانیان بە بایەخەوە لێوەرگیراوە، ڕوداوەکانی دواتر ڕاستی و دروستی ئەم بۆچونەمان دەسەلمێنن.

لەم سۆنگەوە کاریگەری (ڕیچارد مازەرد)ی باپیرەیان بەسەر داهاتوی کوڕ و نەوەکانی بەڕونی دیارە، ئەوەتا ئەم پاشخانە مەعریفییە گەورەی وایکردوە پێداگری زۆر بکات تاوەکو (ئینکریس)ی کوڕی بەهەمان ڕێچکەی زانستی خۆیدا بڕوات و کولێژی (هارڤارد-

Harvard)ی تەواوکرد، بەهەمان شێوەی باوکی بو بە یەکێك لەپیاوە ئاینییە گەورەکانی پیوریتانەکان لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا، تەنانەت مێژونوس و لێکۆڵەری تایبەتمەندی مێژوی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا (نۆرما جین لەتز- Norma Jean Lutz) پێیوایە "ئینکریس زۆر لە باوکی زیرەکتر و داناتربوە و ناوبانگی لەو گەورەترە و هەنگاوە زانستییەکانی درەوشاوەتر بوە"، هەر ئەمەش وایکردوە دوای ساڵێك لەتەواوکردنی کۆلێژ دەستیکردوە بەوتاردان و بانگەوازی ئاینی، ئەوەندە کاریگەربوە بەبیروباوەڕی پیوریتانی، لە دوای سەرکەوتنی (ئولیڤەر کرۆمۆیڵ-Oliver Cromwell١٥٩٩-١٦٥٨) دروستکردنی (کۆمۆنوێلس-Commonwealth)[٢]ی پیوریتانی لەوڵاتی ئینگڵتەرا ڕاستەوخۆ بڕیاری گەڕانەوە بۆ ئینگلتەرای داوە و پاڵپشتی و پشتگیری تەواوی ئەو سیستەمە سیاسی و ئاینییەی پیوریتانەکانی لەئینگڵتەرادا کردوە، بەڵام هەر لەگەڵ کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی پیوریتانەکان و گەڕانەوەی سیستەمی پاشایەتی ئەویش جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە نشینگەی (ماسەچوسیستس) (Lutz, 2001: 16-29) ئەگەرچی داوایەکی زۆری لێکرا لەلایەن پیوریتانەکانی ئینگڵتەراوە کە لەگەڵیاندا بمێنێتەوە جێیاننەهێڵێت، بەڵام ئەو هەمو ئەو داواکاری و پێشنیازانەی بە توندی ڕەتکردەوە، بەگەڕانەوەشی بۆ شاری (بۆستن) ڕاستەوخۆ کرایە پیاوی ئاینی سەرەکی (کڵێسای باکور-North Church)، زیرەکی و کاریگەری ئەم کەسایەتییە وایکرد لەساڵی ١٦٨١ وەك سەرۆکی کۆلێژی هارڤارد هەڵبژێردرێت، کڵێسا بەهەمو توانایەوە دژی ئەم بڕیارە وەستایەوە نەیدەویست دەستبەرداری ببێت، بەڵام لەساڵی ١٦٨٤ بۆ جاری دوەم وەك سەرۆکی کۆلێژەکە هەڵبژێردرایەوە، ئەویش بەمەرجی بەردەوام بون لەئەرکی ئاینی لەکڵێسا و ڕێگەدا بە بەردەوامی لە ئەرکە ئاینییەکانی و درێژەدان بەپەیوەندی لەگەڵ ئەندامانی کڵێساکەی ئامادەیی دەربڕی پۆستەکەی وەرگرت و تاوەکو خانەنشین بونی(Sparks, 1834/VI: 165)

پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین ئەم پاشخانە ئاینی و زانستیە کاریگەری زۆر گەورەی هەبو بەسەر تەواوی ژیانی کۆتن مازەر و گەورەبونی و تەنانەت دروستبونی کەسایەتییەکەشی، ئەوەتا بەهۆی ئەم پاشخانەوە ئاینی و زانستییەوە هەر لەمنداڵییەوە خراوەتە بەر خوێندن و گرنگی زۆر بەپرۆسەی فێرکردن و گەورەبونی بەشێوەیەکی ئاینی و زانستی دراوە، ئەمەش زیاتر بۆ کاریگەری ئەو دیدگا و تێڕوانینە دەگەڕێتەوە کە بنەماڵەکەی بۆ ئاین و زانست هەیانبو.

کۆتن هەر لەگەڵ لەدایکبونی بو بە سەرچاوەی ئومێد و چاوەڕوانییەکی گەورە لەلای باوکی، هەر ئەمەش وایکردبو کە باوکی لەیاداشتەکانیدا بە وردی ئاماژەی پێکردوە و نوسیویەتی "لەدایکبونی کۆتن و ناونانی بەناوی (جۆن کۆتن-John Cotton١٥٨٥-١٦٥٢)ی باپیرەیەوە مەبەستی باوکی دایکیەتی)، پێدانی نیعمەتێکی گەورەی خودایەو چاوەڕوانی داهاتویەکی گەشی لێدەکریت"، لەبەر ئەمەشە دوای نەخۆشکەوتنی لەتەمەنێکی بچوك، ئینکریسی باوکی توشی خەم و نارەحەتیەکی زۆر دەبێت و بەردەوام لەکڵێسادا دەپاڕێتەوەو داوای چارەسەر لەخودا دەکات، چونکە ئەو پێیوایە ئەم منداڵە لەلایەن خوداوە هەڵبژێردراوە بۆ خزمەتکردنی ڕێبازی پیوریتانی و ڕزگاری مرۆڤەکان، بۆیە بەهەمو توانایەوە هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات24 :Silverman, 1984) ؛ Mather, 1870: 32)، وەك خۆی نوسیویەتی "ترسی مردن و لەدەستدانی کۆتن، چونکە زۆر نەخۆشە دڵتەنگی کردوم، ئەم ترسە چۆتە ناخی دڵمەوە"، زۆر نەخۆشکەوتنی (کۆتن) و بەرزی ڕێژەی مردنی منداڵان لەنێو ئینگلەند زیاتر باوکی نیگەران کردبو، لەهەمان کاتدا خۆشەویستییەکی زۆر گەورەی لەدڵیدا بەرامبەر بەمنداڵەکەی دروستکردبو تا ئاستی پیرۆزی و لەمبارەیەوە نوسیویەتی "خودا (کۆتن)ی بەرەکەتدار و پیرۆز کردوە، ئەو بەرەکەتدار دەبێت"(Mather, 1870: 34-40) ئەم باوەڕەی باوکێك بەمنداڵەکەی ڕۆڵی سەرەکی هەبو لەپێگەیشتنیدا، ئینکریس هەر لەزوەوە خستیەبەر خوێندن و ئەم گرنگی پێدانە زۆرە وایکرد بەزویی فێری نوسین و خوێندنەوە بو تەنانەت ڕەفتارە زیرەکییەکانی بۆتە هۆکاری سەرنج ڕاکێشانی زیاتری باوکی و بەتامەزرۆییەوە چاودێری کردوە و کاتێکی زۆری تەرخانکردوە بۆ پەروەردکردنی مێشك و دڵی منداڵەکەی، ئەگەرچی ئەم جۆرە پەروەردە کردنە لەمنداڵییەوە پێویستی بەکاتێکی زۆرو چاودێرییەکی کەسی نزیك بو، بەڵام باوکی لەخۆبوردوانە ئەم کارەی بەخۆشەویستی زۆرەو ئەنجام داوە(Silverman, 1984: 24-26).

کۆتن لەتەمەنی ٧ تاوەکو ١١ ساڵی لەخوێندنگای (ئیزیکیەڵ چیڤەر-Ezekiel Cheever) خوێندویەتی (Kennedy, 2015: 26)، دوای تەواوکردنی خوێندن لەم خوێندنگایە لەساڵی ١٦٧٤ بەتەمەنی یانزە ساڵیدا لەکۆلێژی (هارڤارد- Harvard) وەك بچوکترین خوێندکار وەرگیراوە (Ralph & Boas, 1928: 22-23)، بەڵام لەساڵی ١٦٧٥ بەهۆی بەرپابونی جەنگی (شا فلیپ)[٣] کۆلێژەکە ڕوبەڕوی داخستن بوەوە و تەنانەت نزیکبو لە لەناوچونی تەواوەتی، بەڵام بەهۆی دڵسۆزی و خەمخۆری باوکی کۆتن و هەوڵە بەردەوامەکانی دەتوانرێت کۆلێژەکە لە لەناوچون ڕزگاربکرێت، لەم گۆشەنیگایەوە توێژەری پسپۆڕی مێژوی ئەمریکا (ریچ کێنێدی-Rich Kennedy) پێیوایە "ئینکریس مازەر فریادڕەسی ڕزگارکردنی کۆلێژی هارڤاردە و لەم پێناوەشدا هەوڵێکی بێوچانی داوە و هەمو توانایەکی بۆ پاراستنی کۆلێژەکە

لە لەناوچون تەرخانکردوە، وزەیەکی زۆری لەپێناوی مانەوەی بەکارهێناوە، تەنانەت ئەگەر ئەو هەوڵانەی ئەو نەبونایە ڕەنگە کۆلێژی هارڤارد جارێکی دیکە بەڕوی خوێندکاران نەکرابایەوە بەتەواوەتی دادەخرا"، لەو ماوەیەی کە کۆلێژەکەش داخرا ئینکریس لەماڵەوە خۆی تەرخانکردبو بۆ فێرکردنی زانست و زانیاری بە منداڵەکەی و بەرنامەیەکی پەروەردەو فێرکردنی تایبەتی بۆ دانا و سەرسەختانە هەوڵی فێرکردنی منداڵەکەی بەو زانستانەی ئەو سەردەمە دەدا(Kennedy, 2015: 39).

دوای تێپەڕبونی ئەم بارودۆخە نەخوازراوە و کردنەوەی دەرگای کۆلێژی هارڤاردە کۆتن جارێکی دیکە گەڕایەوە لەساڵی ١٦٧٨ توانی سەرکەوتوانە بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەتەمەنی ١٥ ساڵیدا بەدەستبهێنێت، تەنانەت سەرۆکی کۆلێژەکە بەناوی (یوریان ئۆکس- Urian Oakes١٦٣١-١٦٨١)، (کۆتن مازەر)ی بەتایبەتی بانگهێشتکرد و ستایشی زیرەکیەکەی کردو شانازی پێوەکرد کە لەتەمەنێکی بچوکدا گەیشتۆتە ئەم ئاستە بەرزەی زانست و زانیاری، بەهۆی ئەو زیرەکی و لێهاتویەی ڕاستەوخۆ دوای تەواوکردنی خوێندنەکەی دەستیکرد بەپێشکەشکردنی وتاری ئاینی لە ناوچەی (دۆرچێتەر) لە هەردو کڵێسای (First church, North Church)، بەهێزی وتارەکانی وایکرد داواکاری پێشکەش بکرێت لەنشینگەی (کەنێکتیکەت-Connecticut) تاوەکو ببێتە پیاوی ئاینی لەکڵێسایەکی گەورەی شاری (نیوهێیڤین-New Heven)، بەڵام ڕەتیکردەوەو ڕایگەیاند پێی باشترە هاوکار و یاریدەدەری باوکی بێت لەکاری ئاینیدا و لە نشینگەکەی خۆی مایەوە و دەستی بە خزمەتکرد، لەهەمان کاتدا درێژەی بەخوێندن دا و لەساڵی ١٦٨١ بڕوانامەی باڵا (ماجستێر) لەکۆلێژی هارڤارد بەدەستهێناوە لەتەمەنی (١٩) ساڵیدا (Lutz, 2000: 17-20)

کاتێك (ئینکریس مازەر)ی باوکی لەساڵی ١٦٨٥ بڕیاریدا پۆستی سەرۆکی کۆلێژی هارڤارد وەربگرێت، بەشی زۆری بەڕێوەبردنی کاروباری کڵێسا و جێبەجێکردنی ئەرکە ئاینییەکان بەشێوەیەکی کرداری کەوتە سەرشانی، ئەویش زۆر بە لەخۆبوردوییەوە توانی سەرکەوتوانە ئەم ئەرکە ئاینییانە جێبەجێبکات، بەتایبەتی دوای ئەوەی باوکی سەربەرشتی لیژنەیەکی پێسپێردرا تاوەکو بچێتە ئینگلتەڕا و مۆڵەتی فەرمی نشینگەی ماسەچوسیتس لە پاشا (چارڵسی دوەم- Charles II ١٦٣٠-١٦٨٥) وەربگرێت، ئەمەش دوای ئەوەی تاك لایەنە مۆڵەتە کۆنەکەی هەڵوەشاندبۆوە، (ئینکریس) بەهەمو توانایەوە دژی ئەم هەوڵە وەستایەوە و دەیان وتاری لە ڕۆژنامەکان نوسی تاوەکو خەڵکی نشینگەکە لەمەترسی ئەم بڕیارە ئاگاداربکاتەوە(Samper, 2007: 195,196).

لێرەدا پێویستە ئەمە ڕون بکەینەوە کە نشینگەی ماسەچوسیتس خۆی خاوەنی مۆڵەتی فەرمی پاشای ئینگلتەڕا بو، بەڵام پاشا (چارڵسی دوەم) لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی هەمو هەوڵێکی ئەوەبو کۆنترۆڵی تەواوەتی نشینگەکە بکات، دەسەڵاتی شاهانەی خۆی بەسەردا بسەپێنێت، هەر لەبەر ئەم فاکتەرە لەڕێگای نوێنەری تایبەتی خۆی داوای کردوە مۆڵەتە کۆنەکەی پێبدەنەوە و دوبارە مۆڵەتی نوێ بۆ نشینگەکە وەربگرنەوە، ئەگەرچی (ئینکریس مازەر) و هاوڕێکانی زۆر بەتوندی دژی ئەم هەوڵە وەستانەوە و ئەوەیان بەپێشێلکردنی ئازادی خەڵکی نشینگەکە و بڕیاری تاکڕەوانەی پاشای زۆردار و چەوسێنەر لەقەڵەمدا ڕەتیانکردەوە، بەڵام بەناچاری لیژنەیان بەسەرۆکایەتی (ئینکریس مازەر) نارد تاوەکو کارەکان ڕێکبخاتەوە و مۆڵەتی نوێی فەرمی وەربگرێت، ئەویش زۆر بە سەرکەوتویی ئەرکەکەی بەجێگەیاند.

کۆتن لەتەمەنی ٢٣ ساڵیدا دوای ئاشنابونی بە (ئەبیگەیڵ فیلیپس- Abigail Philips ١٦٧٠-١٧٠٢)ی ١٦ ساڵان، کە کچی دادوەرێکی بەناوبانگ و بازرگانێکی گەورەی بۆستن بو بەناوی کۆلۆنیال (جۆن فیلیپس-John Philip ١٦٥٠-١٧٠١) لەڕێککەوتی ٥ ئایاری ١٦٨٦ هاوسەرگیری کرد، لەڕێوڕەسمێکی یەکجار گەورەو بەئامادەبونی پیاوانی ئاینی گەورە و سیاسەتمەداران و دەسەڵاتدارانی نشینگەکە (Abrams, 2011: 50)، پاشان بەهۆی چونی باوکی بۆ ئینگلتەڕا و مانەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر لەپێناو نوێکردنەوەی مۆڵەتی نشینگەی ماسەچوسیتس زۆربەی کاروبارەکانی باوکی کەوتە سەرشانی، ئەگەرچی ڕۆژانێکی زۆر سەخت و دژوار بو، بەڵام توانی بەشێوەیەکی باش ئەرکەکانی خۆی و باوکی ئەنجام بدات و ڕۆڵی گەورەی هەبو لە چارەسەرکردنی بەشێکی زۆر لەکێشەکانی نشینگەکە ڕۆژانە زیاتر لە (١٥٠٠) کەس تەنیا لەکڵێسای باکور (North Church) گوێیان لە وتارەکانی دەگرت و بە پەرۆشەوە ئامادە دەبون(Lutz, 2000: 25)

ئەوەی پێویستە لێرەدا باسی بکەین ئەوەیە، ئەم دەرفەتە بو بە هەلێکی زێڕین و یەکجار گەورە بۆی تاوەکو بەتەواوەتی پشت بە خۆی ببەستێت و تواناکانی خۆی نیشانی دەسەڵاتداران و خەڵکی شارەکە و نشینگەی ماسەچوسیتس بدات و ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە لەجێبەجێکردنی ئەرکە ئاینی و سیاسی و پەروەردەییەکان و ناوبانگێکی زۆری پەیداکرد لەناو نشینگەکەدا و زیرەکی و لێهاتویی خۆی بەم تەمەنە کەمە نیشانیان بدات.

لەم ڕووەوە كۆتن توانیبوی لایەنگرو هەوادارێكی زۆر لەدەوری بیروبۆچونەكانی كۆبكاتەوە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پێگەكەی زیاتر بەرەو فراوان بون دەچو، تاوەكو گەیشتە ئاستێك نوێنەری پاشای ئینگلتەرا و سەرپەرشتیاری لەنشینگەكە بەناوی (ئیدوارد ڕاندۆلف- Edward Randolph ١٦٣٢-١٧٠٣) بەتۆمەتی (ناوزڕاندنی ئابڕوبەرانە) فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەركرد، بەڵام ئەم فەرمانە لەلایەن دادوەر (وەیت وینسرۆپ-Wait Winthrop١٦٤٢-١٧١٧) هەڵوەشێندرایەوە و ڕزگاربیو(Lowry, 1987: 34,35)، ئەم هەوڵانە لێرەدا نەوەستان ئەوەتا جارێكی دیكە لەڕێككەوتی ١٨ نیسانی ١٦٨٩ بەپاساوی نانەوەی ئاژاوە لەشاری (بۆستن) و هاندانی خەڵك بۆ هەڵگرتنی چەك دژی سەربازانی ئینگلیز فەرمانی گرتنی بۆ دەرچو، بەڵام دوبارە ڕزگاری بو لەهەوڵێكی تری دەستگیركردن و تۆمەتی ئەوەشی خرایە پاڵ گوایە نوسەری یەكێك لەبڵاوكراوە گرنگەكانی ئەو كاتەیە لەڕۆژنامەكان بەناوی "بەیاننامەی بەڕێزان دەسەڵاتداران و بازرگانانان و دانیشتوانی شاری بۆستن و دەوروبەری- Declaration of the Gentleman Merchant, and Inhabitants of Boston and the canty Adjacent" دژی دەسەڵاتی سەپێندراوی ئەو كاتەی ئینگلتەرا لەنشینگەكە، هانی خەڵكی داوە دژی ئەو دەسەڵاتدارە ستەمكارە ڕاپەڕین و كۆتایی بەو ستەم و چەوساندنەوانە بهێنن كە بەرامبەریان ئەنجامدراوە (Holmes, 1974/I: 225).

ئەم هەنگاوانە نەوەك هەرنەبونە هۆكاری لاوازبونی پێگەی (كۆتن مازەر)، بەڵكو زیاتر بەهێزی كرد و خۆشەویستی لەناو خەڵكی نشینگەكەدا زۆر زیاتر بو، وەك كەسێكی ئازا و بوێر و داكۆكیكار لەمافی خەڵك ناسرا كە ژیانی خۆی لەم پێناوەدا خستوەتە مەترسییەكی گەورەوە، لێرەوە توانی ڕۆڵ و كاریگەری زیاتری هەبێت لەسەر دەسەڵاتداران و دادەوەرانی نشینگەكە، بەتایبەتی دوای سەركەوتنەكانی باوكی لە بەدەستهێنان و نوێكردنەوەی مۆڵەتی شاهانە بۆ نشینگەكە، ئیتر دەرفەتێكی زێرین بۆ (كۆتن) دروستبو تاوەكو كاریگەری زیاتر بەسەر دەسەڵات هەبێت و چەندین بەرهەم بڵاوبكاتەوەو پەیامەكانی باشتر بگەیەنێت لەڕێگایانەوە (Lowry, 1987: 36).

پێویستە لێرەدا تیشک بخەینە سەر ئەوەی هەمیشە (كۆتن) پێگەی خێزانی باوك و باپیری بەكارهێناوە بۆ بەهێزكردنی پێگەی ئاینی و كۆمەڵایەتی و سیاسی و دادوەریەكانی، ئەمەش بە ڕونی لەڕوداوەكانی دواتردا دەبیندرێت و تەنانەت ئەو پێگە گەورە خێزانییە ڕۆڵی سەرەكی هەبو لەپاراستنی (كۆتن) لەچەندین ڕوداوی گەورەی نشینگەكە و ڕێز و خۆشەویستی بنەماڵەكەی هەمیشە بەربەست بوە بۆ هەر هەنگاوێك كە لەدژی گیرابێتەبەر، لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە هەمیشە ئەوە لەبەرچاو گیراوە بەتایبەتی دوای گەڕانەوەی باوكی بۆ نشینگەكە و وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی هەمو دەسەڵاتدارانی نشینگەكە و خەڵكەكەش خۆیان بەقەرزاری هەوڵەكانی ئەو دەزانی و ئەو پێگە و ڕێزو زۆرە كاریگەری یەكجار زۆری هەبو لەفراوانبونی سنوری دەسەڵات و كارەكانی لە ڕوی ئاینی و زانستیشەوە.

كۆتن تاوەكو كۆتایی ژیانی لەڕێككەوتی ١٣ شوباتی ١٧٢٨ لەناو خەڵكەكەی وەك پیاوێكی گەورەی ئاینی و زانایەكی زانسیخوازی پیوریتانی لەخزمەتی دانیشتوانی شاری (بۆستن) و نشینگەی (ماسەچوسیتس) بەردەوام بو، دوای خۆشی لەخۆشەویستی خەڵكەكە لەسەر كێلی گۆڕەكەی نوسیان "ئەو كوڕەی لەباوكی زیاتر بەناوبانگ بو(Mather & Calef, 2015: 64)

**دووەم: كەسایەتی كۆتن مازەر**

لەڕاستیدا (كۆتن مازەر) خاوەن كەسایەتییەكی یەكجار ئاڵۆز و فرەڕەهەند و دژیەك بو بەشێوەیەك چەندین تایبەتمەندی ناكۆك و دژ بەیەک لەكەسایەتیدا ڕەنگیدابوەوە، یەكێك لەگرنگترین تایبەتمەندییەكانی كەسایەتی بریتی بو لەهەستیاری بەرامبەر ڕوداوەكانی ژیانی و سۆزداریەكی زۆری هەبو بۆ بیروباوەڕەكانی و بەجۆش و خرۆشەوە هەوڵی گەیاندنی و تیۆریزەكردنی دەدا و بەردەوام ڕێگای نەریتی ئاینی بەكاردەهێنا بۆ ئەنجامدانی (Lovelace, 1979: 298) ئەمە سەرەڕای ڕاستگۆییەكەی كە بەردەوام پەیامەكانی بەڕاستگۆیی گەیاندوە بەخەڵەكەكەی، بێبەری بو لەهەمو ناڕاستییەك و فێڵ و دوڕوییەك هەرچییەكی هەبوایە بەڕاستگۆیی دەیوت و ئەنجامی دەدا، ئەمەش وایكردبو لەلای خەڵك زۆر خۆشەویست بێت و قسە و وتارەكانی جێگای خۆیان بگرن و ڕێز لێگیراو بێت(Ralph & Boas, 1928: 265).

لەم سۆنگەوە (كۆتن) وەك كەسێكی دڵسۆز وێناكراوە كە بەوپەڕی دڵسۆزی و لەخۆبوردوییەوە هەوڵیدەدا بۆ بەهێزكردن و پاراستنی بیروباوەڕ و تێڕوانینە ئاینییەكانی پیوریتانی لەنشینگەكەیدا، ئەمەشی وەك دڵسۆزییەكی بنەڕەتی بینیوە بەرامبەر بەو بیروباوەڕە پیرۆز و تەواوەی ئەو باوەڕی پێی هەبوە، هەمو هەوڵێكی كاركردن بو بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بەرامبەر ئەو ڕەگ و نەژادە پیوریتانییەی هەیبو، باوەڕی وابو یەك جیهانی ڕەواو تەواو و دروست هەیە ئەویش ئەو جیهانەیە كە بیروباوەڕە ئاینییەكەی ئەو بانگەشەی بۆ كردوە، بۆیە بەردەوام شەو و ڕۆژ بەدڵسۆزییەوە ئەركەكانی جێبەجێكرد تاوەكو ئەم بیروباوەڕ و پەیامانەی بگەیەنێتە خەڵكی (Ciment, 2006/II: 534).

یەكێكی تر لەتایبەتمەندییەكانی كەسایەتی (كۆتن) ئەوەبو زۆر میهرەبان بو، هەر ئەمەش وایكردبو وەك هاوسەرێكی نمونەیی ڕەفتار لەگەڵ هاوسەرەكانیدا بكات، ئەو لەژیانیدا سێ جار پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامدا بەرامبەر هاوسەرەكانی بەوپەڕی سۆز و میهرەبانییەوە

ڕەفتاریکردوە، تەنانەت سێیەمین هاوسەری کاتێک توشی نەخۆشیەکی سەختی دەرونی هات، کۆتن بەوپەڕی سۆزو میهرەبانییەوە یارمەتی زۆریدا، لەهەمان کاتدا سۆز و خۆشەویستی و میهرەبانییەکی بێوێنەی هەبو بۆ منداڵەکانی، ئەمەش وەك ڕەگەزێکی گەشاوەی کەسایەتی تێدا ڕەنگی داوەتەوە و منداڵ لەلای ئەو بەمانای بەخششی خودایی بو، کە پێویستە شانازی پێوەربکرێت و خۆشەویستی ڕاستەقینەی پێبدرێت و بەوپەڕی میهرەبانییەوە ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت، ئەو وەك منداڵی نمونەیی سەیری دەکردن خۆشەویستی ئەوانی بۆ خۆی بەدەستهێنابو، هەمیشە نزای بۆیان کردوە تاوەکو خودا بۆیان ببێتە باوك و بەخششی خۆی بەسەریاندا ببارێنێت و ئامۆژگارییان بکات و بیانگەیەنێتە لوتکەی شکۆمەندی ڕاستەقینە، بەردەوام چیرۆکی بۆ خوێندونەتەوە و لەتەمەنی منداڵییاندا خۆشەویستییەکی زۆری بۆیان هەبو، وەك نمونەترین باوك و هاوسەری نشینگەکە سەیرکراوە(Marvin, 1892: 554).

سەبارەت بە بابەتی هاوسەرگیریی کۆتن، لە ڕاستیدا لە ئاینی مەسیحییدا ڕێگانادرێت بە پرۆسەی فرەهاوسەری، بەڵام ئەو لەبەرئەوەی کاتێک هاوسەری دوەمی هێناوە کە هاوسەری یەکەمی مردوە، کاتێک هاوسەرگیری بۆ جاری سێیەم ئەنجامداوە کە لە هاوسەری دوەمی جیابوەتەوە، بۆیە ئاسایی بوە سێ جار هاوسەرگیری بکات، چونکە لە یەک کاتدا هەر سێکیانی لەلا نەبوە، بەپێچەوانەوە بابەتی فرە هاوسەری بە تەواوی لەئاینیەکادا نەگونجاو و قەدەغە و ڕێگاپێنەدراوە.

یەکێکی تر لەتایبەتمەندییەکانی کۆتن (سەرکێشیە)، ئەو زۆرجار ڕوبەڕوی مەترسی زۆر گەورە بۆتەوە بەهۆی کارە سەرکێشییەکانی، بەڵام هیچ کات گوێی بەمەترسییەکانی نەداوە لەپێناو باوەڕەکانیدا، بۆیە بەکەسێکی تاڕادەیەك سەرسەخت ناسراوە لەسەر بیروباوەڕەکانی هەرگیز سازشی نەکردوەو ئامادەبو خۆی بکاتە قوربانی، بۆ نمونە هەروەک لە تەوەری دوەمدا باسمان کردوە، کاتێک چارەسەری نەخۆشی ئاوڵە دەدۆزێتەوە ڕوبەڕوی مەترسی گەورە دەبێتەوە لەلایەن پیاوانی ئاینی و پزیشکان و دەسەڵاتداران و تەنانەت خەڵکیشەوە، بە جادوگەر لەقەڵەم دەدرێت و ژیانی دەکەوێتە مەترسییەوە و تەقەمەنی دەخەنە ناو ماڵەکەی هەوڵی کوشتنی دەدەن، بەڵام ئەو بە هیچ شێوەیەک سازش لەسەر بیروباوەڕەکانی ناکات(Hall, 2024: 8,9) لە هەمان کاتدا یەکێك لەبەهێزترین خاڵەکانی کەسایەتییەکی بریتیبو لە گیانی هاوکاری بۆ دەوروبەری لەبەرئەوە هاوکاری و یارمەتی زۆری پێشکەش بە خەڵک کردوە، تەنانەت بەشێکی زۆر لەماڵ و سامانەکەی بۆ خزمەتکردنی خەڵك و بەهێزکردنی ڕێبازە ئاینییەکەی تەرخانکردوە، ئەمە سەرەڕای ئەو هەمو ئاگاداری و چارەسەری لەکاتی بڵاوبونەوەی نەخۆشی و پەتا کردویەتی بۆ خەڵکی نشینگەکە، بۆیە خەڵکەکە وەك بەخششێکی خودایی سەیریان کردوە، ئەمەش لەپەرۆشی زۆری بوە بۆ ئاینییەکەی و ئەو باوەڕ ئاینییەی هەیبوە(Lovelace, 1979: 298,299).

لەڕاستیدا کەسایەتی کۆتن مازەر لەگەڵ ئەو هەمو لایەنە باشانەی، خاڵی نەبوە لەتایبەتمەندی نەرێنی و خراپ یەکێك لەتایبەتمەندییە نەرێنییەکانی کەسایەتیەکەی بریتی بو لەخۆ بەگەورەزانی، بەشێوازێك ئەو خۆی پێیوابو هەڵبژێردراوی خودایە و باڵاترە و خۆی زۆر بەگەورە زانیوە و لوتبەرزانە هەڵسوکەوتی کردوە، خۆپەرستانە دەرکەوتوەو پێیوابوە تەنیا ئەو دونیابینییە ڕەوایە و ئەو ڕوانگە و تێڕوانینانە ڕاست و دروستن کە ئەو پێی ڕاست و گونجاو و تەواو بوە، بەهیچ شێوەیەك ئامادەنەبوە گفتوگۆ لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکات دژی ئەو یان بەپێچەوانەی ئەو بیریان کردوەتەوە، ئەمەش لەچوارچێوەی ئەو بیرکردنەوەی دابو کە باوەڕی وابو خودا ئەوی هەڵبژاردوە بۆ ڕزگاری و پلانی سەرکەوتن و شکستی خودا و ڕێبازەکەی کەوتۆتە سەرشانی ئەو، بۆیە بەردەوام ڕێنماییکردنی گەلەکەی بۆ ڕێگای خودا بەکاری هەرە لەپێشینەی خۆی داناوە لەجیهانی نوێدا، ئەو بێ دودڵی دژی هەمو ئەو کەسانە دەوەستایەوە کە لەگەڵ بیرکردنەوەکانیدا نەدەگونجان و سەرلەبەری تێڕوانین و دیدگاکانی بەتوندی ڕەتدەکرکردنەوە و بڕوای بەهیچ بیرۆکەیەك نەدەکرد لەدەورەی تێگە مەعریفییەکەی ئەودا بێت، بەشێوەیەك مامەڵەی کردوە لەگەڵ دەوروبەر ئەوەی ئەو دەیڵێت و دەیزانێت و باوەڕی پێیە ئەوە ڕاستی ڕەهایە و خۆی بەسەنتەر زانیوە بۆ هەمو ئەوانی دیکە و خۆپەرستانە و لوتبەرزانە باوەڕی بەتێگەیشتنەکانی خۆی هەبو هەمو ئەوانی دیکەی بەناڕاست زانیوە و ڕەتیکردونەتەوە(Ciment, 2006/II: 534,535).

یەکێکی تر لەتایبەتمەندییە نەرێنییەکانی کەسایەتیەکەی بریتیبو لەنەبونی هاوسەنگی لە مامەڵەکردنیدا، ئەمەش بەخاڵێکی لاوازی کەسایەتیەکەی هەژماردەکرێت، چونکە بەجۆرێك بوە نەیتوانیوە بە شێوەیەکی گونجاوی خوێندنەوە بۆ ڕوداوەکانی سەردەمەکەی بکات و هەڵیانبسەنگێنێت و سەرجەم ڕەهەندەکانیان لەبەرچاو بگرێت، بەڵکو تاك لایەنە بڕیاری لەسەریان داوە و لەمەشدا ڕوبەڕوی دژ یەك بون (پاڕادۆکس) بوەتەوە، ڕێك ئەو تایبەتمەندییە کاریگەری نەرێنی زۆری لەسەر کەسایەتی و مامەڵەی لەگەڵ ئەوانی دیکە بۆ دروستکردوە، لەبەرئەوەشە بە پیاوێکی دەمارگیری ناسراوە(Mather, 1964: xxv)، تایبەتمەندییەکی تری کەسایەتییەکەی سەرەڕای دەمارگیریە ئاینییەکەی کەسێکی شڵەژاو بو کەمتر وەك کەسێکی ئارام دەرکەوتوە، بەتایبەتی لەڕوی حەزو وروژاندنی سێکسی زیاد

لەپێویست بەردەوام خۆی بەتاوانبار زانیوە و تاوانی لەناو هەر مرۆڤێکدا بەدوژمنی ڕاستەقینە بینیوە و بەشڵەژاوی زۆرەوە خۆی لەناو ناخی هەر تاوانبارێکدا بینیوە و نەیتوانیوە خۆی ئارام نیشانبدات و ئاسودە بێت، بەڵکو زۆر بەشڵەژاوی مامەڵەی لەگەڵ بابەتی تاوان کردوە و بەردەوام مێشکی سەرقاڵ بوە بەتاوانی خەڵکی کڵێساوە و بە نائارمی مامەڵەی لەگەڵ ئەو تاوانانەیان کردوە، تا ئەو ئاستەی خۆی بەرپرسیاری هەڵگرتنی تاوانی خەڵکەکەی زانیوە(266 :Ralph & Boas, 1928). ئەمە سەرەڕای ئەو سەرکوتکردنە سێکسی و سۆزداریەی ناخی لە تەمەنی گەنجییدا، ئەوی بەتەواوەتی خستبوە ناو بارودۆخێکی دەرونی قورس و دۆخێکی پڕ لەشڵەژاوی هەندێك جار ڕوبەڕوی نەخۆشی توندی کردوە (Lovelace, 1979: 298).

ئەوەی پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین بونی ئەم هەمو تایبەتمەندییە دژیەکە و کۆبونەوەی لەکەسایەتی کۆتن دەرخەری ئەوەیە کەسێکی ئارام و ئاسودە نەبوە، بەڵکو کەسێکی نائارام و ڕاڕاو هەڵچو بوە، تەنیا بیروباوەڕەکانی خۆی بەڕاست زانیوە و دونیابینییەکی تایبەتی هەبوە، هەمو ئەوانی دیکەی لەم گۆشەنیگایەوە بینیوە و مامەڵەی لەگەڵ کردون، ئەم کەسایەتیە ئاڵۆزەی ڕۆڵی گەورەی هەبوە بەسەریدا و لەهەڵسوکەوتەکانیدا بەتەواوەتی ڕەنگیداوەتەوە، هەر لەبەر ئەمەش وەك کەسێکی (ئاڵۆزو دژیەك) وێنای کەسایەتیەکەی کراوە.

یەکێکی دیکە لەتایبەتمەندییە نەرێنیەکانی گۆشەگیری و دورە پەرێزی ناوبراو بوە، حەزی کردوە زۆر تێکەڵاوی خەڵك نەبێت، مەگەر لەکاتی پێویستییەکان نەبێت و بەردەوام وەك کەسێکی گۆشەگیرو دورەپەرێز بینراوەو مامەڵەی کردوە، تەنیا ئەو کاتانەی کە لەکڵێسا بوەو ئەرکە ئاینییەکانی ئەنجام داوەو وەڵامی پرسیارەکانی خەڵکی داوەتەوە، زۆربەی کاتەکانی بەتەنیایی و دور لەخەڵك بەسەر بردوە (Hall, 2024: 11)، ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە هەر لەمنداڵییەوە تۆشی کێشەی زمانگرتن و (تەتەڵە)کردنی زمان بو، ئەمەی وەك خاڵێکی نەرێنی لەخۆیدا سەیرکردوە و پێیوابوە خەڵك بەچاوێکی کەمەوە سەیری دەکەن لەبەر ئەوە بەردەوام خۆی بەدورگرتوە (Kennedy, 2015: 45).

دەرخستنی ئەم تایبەتمەندییانەی کەسایەتی (کۆتن مازەر) ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لەناسینی و پێناسەکردنی کەسایەتیەکەی، بەڵام ناکرێت ئەوە لەبەرچاونەگرین گرنگترین و بەهێزترین خاڵی کەسایەتیەکەی و ئەو تایبەتمەندییە سەرەکیەی ئەوی پێناسراوە هەر لەمنداڵییەوە تاوەکو کۆتایی ژیانی، بریتیبو لەزیرەکی و لێهاتویی و بلیمەتی، تەنانەت ئەم تایبەتمەندییەی بو بە خاڵی وەرچەرخان و لەچەندین وێستگەی ژیانیدا بو بەجێگای سەرنجی باوکی و مامۆستاکانی، بەهۆی ئارەزوی زۆری بۆ خوێندن و تەرخانکردنی زۆرترین کاتی بۆ فێربون، چالاکی زۆری لەم بوارە و خۆسەرقاڵکردنی بەخوێندنەوە هەر زو بوەتە جێگای ئومێدی گەورە لەلای خێزانەکەی و مامۆستاکانی(Marvin, 1892: 1) ئەوەتا دوای تەواوکردنی خوێندنی لەکۆلێژی کۆلێژی هارڤارد سەرۆکی کۆلێژەکە (یوریان ئۆکس)، بەتایبەتی ئاماژەی پێدەکات وەك گەنجێکی زیرەك و دانا و زمانزان کە توانیویەتی بەپلەیەکی بەرز کۆلێژەکە تەواوبکات و خاوەن ژیرییەکی زۆر و لەبەرکردنی خێرا و خوێندنەوە و نوسینێکی باش و زمان زانیەکی نایاب لەبوارەکانی زمانی (یۆنانی و عیبری و فەرەنسی و لاتینی و ئینگلیزی)دا، تەنانەت لەکاتی وتار خوێندنەوەی بەزمانی لاتینی سەرۆکی کۆلێژەکە ڕاشکاوانە ئاماژەی بەناوی (کۆتن مازەرکرد)و وتی "چ ناوێکی گەورەیە؟ چ واتایەکی مەزنی هەیە و ڕوحی هەردو باپیرەی ڕیچارد کۆتن و جۆن کۆتن لەم کوڕەدا یەکیانگرتوە، ڕۆحێك کەئەم نشینگەی دروستکردوە، دڵنیام دوبارە لەڕێگەی ئەم کورەوە بەشکۆیەکی نوێوە زیندوبونەتەوە"، ئەمەش ئەوپەڕی ستایشکردنی مامۆستاکەی بو بەرامبەر و هاندانێکی گەورەبو لەم کاتە (Smolinski & Minkema, 2022: xiv) زیرەکییەکەی گەیشتە ئاستێك بەیەکێك لەبیرمەندە گەورەکانی بواری ئەدەبیات بناسرێت و وەك یەکێك لەپێشەوایانی زانست و قەڵەم هەژمار بکرێت(Ralph & Boas, 1928: 264).

لەم سۆنگەوە کۆتن حەزی زۆری بۆ فێربونی زانست وایکردوە کەڕۆژانە هەوڵێکی زۆر بدات و کاتێکی زۆر تەرخان بکات بۆ خوێندنەوە تەنانەت بەرلەوەی بچێتە سەر جێگا و بخەوێت بەشێك لەنوسینەکانی (جۆن کالڤین- John Calvin ١٥٠٩-١٥٦٢)ی خوێندوەتەوە (Livery, 1911/ LVIII: 246).

ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێبدەین ئەوەیە (کۆتن) خۆی تەرخانکردوە بۆ زانست و زانیاری و فێربون، ئەمەش وایکردوە خاوەن زیرەکی و لێهاتوییەکی زۆر بیت و بگاتە ئاستێك خێزان و مامۆستاکانی و تەنانەت خودی باوکیشی پێی سەرسام بونە وەک دیاری خودا بۆ نیو ئینگلەند وەسفیان کردوە، بە بەخششێکی خودایی بینیویانە و بەردەوام هانیانداوە تاوەکو توانا گەورەکانی لەخزمەتی ئاین و زانست و کۆمەڵگاکەدا بەکار بهێنێت.

**تەوەری دوەم: ڕۆڵی کۆتن مازەر لەپێشخستنی زانست لەنشینگەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا**

سەرەتای هەوڵ و کارە زانستییەکانی (کۆتن مازەر) بۆ پێشخستنی ڕەوتی زانست لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە باوەڕی وابو خودا ئەوی هەڵبژاردوە تاکو ببێتە زانا بەرلەوەی هەڵبژێردرابێت تاوەکو ببێتە پیاوی ئاینی، ئەم بیرکردنەوەیە ڕۆڵی گەورەی هەبو تاوەکو بەردەوام هەوڵدات بۆ فێربونی زانست و زانیاری زیاتر لە سەرجەم بوارەکانی زانستدا (Kennedy, 2015: 53)، لەم ڕوانگەوە خاوەن ژیرییەکی بێوێنە و تینو و شەیدای فێربون بو، لەبەرئەمە هەوڵیداوەو توانیویەتی چەندین زانستی جۆراوجۆر بخوێنێت و زانینێکی گەورەیان لێ بەرهەمبهێنێت و لەکەسایەتی زانستی ئەودا ڕەنگبداتەوە، وەك زانستەکانی (ئاین و خوداناسی، هونەری وتاردان، مێژوی کڵێسا، ئەدەبیاتی کلاسیك، زانستی بیرکاری، گەردوونناسی، پزیشکی)، لەم ڕووەوە کۆتن بیرفراوانییەکەی بەشێوەیەك بو کە هەر نوسین و پەرتوکێکی بکەوتایە بەرچاو دەیخوێنێتەوە و، ئەوەی زیاتر هاوکاری کردبو زمانزانییەکەی بو، چونکە شارەزایی تەواوی لەزمانەکانی یۆنانی و عیبری و فەرەنسی و لاتینی و ئینگلیزی هەبو، دەیتوانی بەهەمو ئەم زمانانە زانستەکان بخوێنێت و پەرتوکە زانستییەکان بخوێنێتەوە و لەم ڕێگایەوە شارەزایەکی گەروە پەیدابکات(Smolinski & Minkema, 2022: xiv) ، پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین شارەزابونی کۆتن لەم زمانە گرنگانەی ئەو سەردەمە کەزمانی فەرمی و نوسین و زانست بون، هۆکاری سەرەکی گەشەسەندنی هزری زانستی ئەو بوە، تاوەکو بەئاسانی دەستیبگات بەسەرچاوە گرنگە زانستییەکان لەم بوارانەی کە لەپێشوتردا باسمان کردوە، ئەمەش دەرگایەکی گەورەی بۆ کردوەتەوە تاوەکو لە ڕێگایەوە بیر و هزری فراوان بکات، بۆتە فاکتەری هەرە گرنگی کۆکردنەوە و کۆگاکردن و بەرهەمهێنانی زانینی گەورە تێیدا و زانیارییە زۆر و فراوانە زانستییەکانی بە ڕونی لە کەسایەتیەکەی و کارە زانستییەکانی ڕەنگیداوەتەوە، کۆکردنەوەی زانیاری لەم هەمو زانستییە جیاوازە و شارەزابونی تێدا کارێکی هەروا ئاسان نەبوە و ڕوبەڕوی سەختی زۆری کردوەتەوە، بەڵام ئەو لێبڕاوانە بەوپەڕی توانا و کارامەیی خۆی شارەزاکردوە تییاندا، هەرئەمەش وایکردوە وەك زانایەکی گەورەی زانستی پیوریتانی بناسرێت لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا.

کۆتن بەهۆی ئەو توانستە زانستییەی توانیویەتی پەیوەندییەکی زۆر بەهێزی لەگەڵ گەورە پیاوانی ئاینی و زانا گەورەکانی بواری زانستە پەتیەکان و پزیشکان و بەشێکی زۆر لەپسپۆڕان لە ئەوروپا و جیهاندا دروستبکات، بەتایبەتی ئەو کاتەی وەک یەکەم ئەمریکی بو بە ئەندام لە کۆمەڵەی شاهەنەی بەریتانی، پەیوەندییەکانی زۆر زیاتر فراوان بو توانی ژمارەیەکی زۆر نامە لە بواری (Royal Society) و سەرجەم زانستەکان لە گەڵ زاناکاندا ئاڵوگۆڕ بکات، بەردەوام لەڕێگای نامەگۆڕینەوە بابەتە زانستییەکانی ئەوکاتەی لەگەڵ باسکردون، لەم ڕووەوە گفتوگۆی زانستی و ئاینی زۆری لەگەڵیان ئەنجامداوە(Ciment, 2006/II: 534,535)، ئەم پەیوەندییە گەیشتە ئاستێك کە بتوانێت ئاشنایەتی لەگەڵ زانای گەورەی ئەو سەردەمە (ئییساك نیوتن- Isaac Newton ١٦٤٣-١٧٢٧) بکات و ڕاستەوخۆ لەڕێگای نامە گۆڕینەوەوە بابەتە زانستەکانی لەگەڵ گەنگەشە بکات و زانیاری زۆری لەم ڕێگاوە بەدەست هێناوە (Smolinski & Minkema, and Juchno, 2025: 172)، لێرەدا جێگای ئاماژە پێدانە بونی ئەو تۆڕی پەیوەندییە فراوانە زانستیەی کۆتن هەیبوە ڕۆڵی زۆری لەئاڵوگۆڕکردنی زانیارییە زانستییەکان و ئەو پێشکەوتنانەی لە ئەوروپا و جیهان ڕویانداوە هەبوە، لەهەمان کاتدا هۆکارێکی گرنگی فراوانبونی سنورە مەعریفییەکەی بوە، لەبەرئەوە کۆتن ئەم پەیوەندیانەی لێزانانە بەکاردەهێنا بۆ کۆکردنەوەی زانست و زانیاری زۆر و زانینی فراوان تاوەکو بتوانێت لەم ڕێگاوە نوێگەری و داهێنانی زانستی ئەنجام بدات.

لەڕاستیدا ڕۆڵ و کاریگەری زۆر گەورەی هەبو لەپێشخستنی ڕەوتی زانست و زانیاری لەنشینگەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا، لەم پێناوەشدا نزیکەی (٤٥٠) بەرهەم و پەرتوکی زانستی و ئەدەبی نوسی و بڵاوکردەوە، توانیویەتی دانیشتوانی نشینگەکان لەڕوی کایەی هزری و زانستی بەرەو پێش ببات و گۆڕانکاری لەئەقڵیەتی تاکەکاندا بکات و تێگەیشتنیان بەرامبەر ئاین و زانست بگۆڕێت، بڵاوکردنەوەی بابەتە زانستیەکان ڕۆڵی زۆری هەبو لە بەرەوپێشبردنی ئەم ڕەوتە هزری و زانستیە و کاریگەری زۆری هەبو، ئەمەش بەهۆی ئەوەی خۆی کەسێکی ئاینی باڵا پیوریتانەکان بو لەپاشخانێکی ئاینییشەوە هاتبو، بەڵام کەوتبوە ژێر کاریگەری پێشکەوتنە زانستییەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری ئەوروپی، هەمو هەوڵێکیدا سازان و گونجان لەنێوان کایەی زانست و ئایندا بکات (هەروتی، ٢٠٢١: ٧٠)، ئەوەی هاوکاری زۆری کردوە ئەوەیە توانیویەتی زمان بەباشی فێربێت و لەنوسینەکانی بەکاریان بهێنێت و (کۆتن مازەر) لەڕوی زمانزانییەوە لەماوەی ژیانیدا توانیویەتی (٧)زمان بە باشی فێربێت و لە نوسین و لێکۆڵینەوە زانستییەکانیدا بەکاریان بهێنێت(Johnson, 1997: 84).

لێرەدا زۆر گرنگە ئەو ڕاستییە بخەینەڕو، کە کۆتن هەوڵی زۆری داوە تاك لەنشینگەکان هۆشیاربکاتەوە لەوەی ئاین و بیروباوەڕی ئاینی ئەو بەربەستە گەورەیە نیین لەبەردەم پێشکەوتنی زانست و بەرهەم هێنانی زانین، ئەمە تێگەیشتنێکی تەواو هەڵەیە لەئاین، بەڵکو ئاینی وەك پاڵپشتی گەورە بۆ فراوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوە و زیادکردنی زانیاری و پێشخستنی زانست بینیوە و ئەم کارانەی وەك بەشێکی

گەورە لەگەیشتن بەپلەی ڕزگاری پێناسەکردوە، چونکە پێشکەوتن و داهێنانە زانستییەکان دەتوانن هاوکاری سەرەکی بن لەڕزگارکردنی ژیانی مرۆڤ کارئاسانی بۆیان.

لەم ڕووەوە ئەو پێیوایە لەناو باوەڕی پیوریتانیدا بابەتی خوێندن و هەوڵدان بۆ زانست و زانیاری جۆرێکە لە پەرستن و بنەمایەکی سەرەکی باوەڕە، بەشێوەیەك لەباوەڕی پیوریتانیدا شەیتان دوژمنی مرۆڤایەتیە، بەهێزترین چەکی خۆی لەنەزانی تاکەکانەوە بەدەستدەهێنێت و ئاڕاستەیان دەکات بۆ تاوان، بۆیە پێویستە نەهێڵێن ڕوناکی زانست و زانیاری باب و باپیرانیان بکوژێتەوەو لەگەڵ تەرمەکانیان لەژێر خاکدا بنێژرێن، لەبەرئەوە پەروەردە و فێرکردنی زانست وەك تاکە ڕێگەی ڕزگاری و ئاسودەیی ڕوحی و تەواوکردنی باوەڕکەیانی بینیوە(نورائی، ٢٠٠٧: ٢٢،٢٣).

لێرەدا پێویستە باسی ئەوە بکەین ئەم تێگەیشتنە ئاینییە لەباوەڕی پیوریتانی بۆ زانست وایکردبو بانگەشەکانی کۆتن بۆ دانیشتوانی نشینگەکان کاریگەرتر بێت و لەم ڕێگایەوە خەڵک ئاڕاستە بکات بۆ زانست و زانیاری، بەتایبەتی وتار و نوسینەکانی دەربارەی گرنگی زانست و زانیاری لە ناوەڕۆکی ئاینی مەسیحی و بیروباوەڕی پیوریتانی، پێویستی و گرنگی فێربون و پێشخستنی کایە زانستییەکان، تا ئەو ئاستەی ئەو پێیوابو باوەڕی هیچ تاکێك تەواو نابێت و لە پایە سەرەکییەکانی باوەڕەکەی تێناگات و ناگاتە پلەی ڕزگاری ئەگەر ڕۆڵی لەو بەرەوپێشبردنە نەبێت، لەم گۆشەنیگایەوە ئاینی وەك چەکێکی بەهێز لەپشت پێشکەوتنە زانستییەکان بەکارهێناوە و باوەڕی بەهەوادار و لایەنگران و خوێندکارانی هێناوە هەمو هەوڵێك لەم پێناوەدا بدەن.

لەم ڕووەوە باوەڕی وابوو ئەو هەڵبژێردراوی خودایە تاوەکو لەڕێگای زانست و زانیارییەوە گەلەکەی ڕزگاربکات، بۆیە کاتێکی زۆری بۆ پێشخستنی زانست تەرخانکردبو، بەتایبەتی لەو کێشە و گرفت و نەهامەتیانەی ڕوبەڕوی کۆمەڵگەکەی دەبۆوە لەنشینگەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا(Kennedy, 2015: 38).

**یەکەم: چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگا لە دیدی کۆتن مازەر لە ڕێگای زانستی دەروونناسی و خوداناسییدا**

یەکێك لەگرنگترین ئەو کێشانەی لەو سەردەمەدا ڕوبەڕوی کۆمەڵگا ببوە لەنشینگەکان بەگشتی و نشینگەی ماسەچوسیتس بەتایبەتی بریتیبو لەبابەتە خورافیاتەکان، لەساڵی ١٦٩٢ لەشاری (سەیلم-Salem) یەکێك لەپڕ گفتوگۆترین ڕوداوەکانی مێژویی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەخۆیەوە بینی، ئەویش بریتی بو لەبابەتی جادوگەریەتی کاتێک کەسێك تۆمەتبارکران بەوەی جادو بەکاردەهێنن بۆ پێشبینیکردن لەوانە هەریەکە لە (ئەبیگەیڵ ویلیەمس-Abigail Williams١٦٨١-١٧٤٢، بێتی پێرێس-Betty Parris١٦٨٢-١٧٦٠)، ئەگەرچی ئەمە سەرەتای کارەساتێکی ناخۆش و دڵتەزین بو، چونکە لەماوەی مانگێکدا چەندین حاڵەتی نەخوازراوی لەم شێوەیە ڕویدا، ئەمەش وایکرد دەسەڵاتدارانی نشینگەکە ڕوبەڕوی ئەم دیارە ببنەوەو دادگایی ئەو جادوگەرانە بکەن و سزای لەسێدارەدان بەسەر (١٩) کەسیاندا بسەپێنن، یەکێك لە جادوگەرەکان لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەستدا(Price, 2020: 16-18)، جادوگەرەکان بەشێکیان ژن و بەشێکیان پیاوبون، ژمارەیەکی زۆر خەڵك بەهۆی ئەو تۆمەتانەوە دەستگیرکران و ڕاپێچی زیندان و لێکۆڵینەوە کران (Burkle, 2006: 2).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە خەڵکی نشینگەکان بەگشتی لەترس و دڵەڕاوکێی زۆردا بون، بەهۆی ئەم دیاردە نامۆیەوە و نیگەرانی قوڵیان هەبو بەرامبەری، بۆیە پێویست بو لەسەر پیاوانی ئاینی گەورە و زانایان وەڵامیان بۆ دیاردەکە هەبێت و ڕێگری لەتەشەنەکردنی بکەن و چاەسەری پێویستی بۆ بدۆزنەوە، کۆتن لەسەروی ئەو زاناو پیاوە ئاینیانە بو کە بەزویی دیاردەکەی پێناسەکرد و ڕونی کردوەتەوە و چارەسەریشی بۆ داناوە.

لەم سۆنگەوە کۆتن دیاردەکەی بەکێشەیەکی دەرونی پێناسە کرد و لەدو توێی پەرتوکێکدا لەژێر ناونیشانی (تەنە نامۆ و سەرسورهێنەرەکانی جیهانی نادیار- The Wonders of the Invisible World) ئاماژەی تەواوی بەدیاردە کردوەو ڕێکاری چارەسەریشی پێشنیاز کردوە(Hall, 2024: 62)، ئەگەرچی بڵاوکردنەوەی ئەم پەرتوکەی بەبۆچونی توێژەری تایبەتمەندی مێژوی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا (جۆن کلارك ڕێدپاس-Jhon Clark Ridpath) (کۆتن)ی کردوە بە بەپرسیاری سەرەکی لەدادگاییکردن و سزادانی جادوگەرەکانی شاری (سەیلم) و بڵاوبونەوەی ترس و دڵەڕاوکێی زۆر لەناو خەڵکدا بەهۆی ئەو کوشتارەی لەم ڕوداوە کەوتەوە، ئەوە سەرەڕای زیندانی کردنی نزیکەی (١٥٠) کەس و ئەشکەنجەدانیان، بۆیە ئەو پیاوەی وەك کەسێکی شەڕانگێزو تینوی خوێن وێناکردوە(Ridpath, 1885/II: 861)، بەڵام لەبەرامبەردا نوسەری دیار و پسپۆڕی مێژوی ئەمریکا (ۆرفگەینگ بورکڵ- Wolfgang Burkle) ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە پەرتوکەکەی کۆتن بەشێوەیەکی زانستیانە ئاماژەی بەدیاردە کردوە و نیشیانەکانی ڕونکردوەتەوەو ئەو

ڕێگایانەی باسکردوە کە چارەسەرن بۆ بنبڕکردنی، وەك دۆزینەوەی کەسە جادوگەرەکان و تیۆرەکانی چارەسەرکردنی ئەو کەسانە لەڕوی دەرونییەوە باسدەکات، بەڕونی ئەوەی ڕونکردۆتەوە نابێت سزای تۆمەتبارەکان بدرێت، بەڵکو پێویستە چارەسەر بکرێن، ئەم پەرتوکە ڕۆڵێکی ئەرێنی گەورەی گێڕاوە لە کەمکردنەوەی نیگەرانیەکانی خەڵك و بەیەکێك لەپڕفرۆشترین پەرتوك لەنشینگەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا لەو کاتەدا دانراوە(Burkle, 2006: 2)، کۆتن خۆی لەپەرتوکەکەی نوسیویەتی "من بەپێی خوێندنەوەکانم گەیشتومەتە ئەو ڕاستیە زانستیەی، ئەم دیاردە جادوییە پەیوەندی بەدەرون و باوەڕی مرۆڤەوە هەیە نەوەك جیهانی نادیار" ,Mather). 1706/III: 49)

لەم سۆنگەوە (دەیڤید و. پرایس-Daivid W. Price) ڕاشکاوانە ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کۆتن ئامۆژگاری دادوەرانی کردوە تاوەکو بەهێمنی و زانستی و تێگەیشتنەوە مامەڵە لەگەڵ دادگاییکردنی جادوگەرەکاندا بکەن، پاشان لەپەرتوکەکەی بەرگری لێکردون ,Price) (19,20 :2020، ئەگەرنا کۆتن بەهیچ شێوەیەك ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشداری دادگاییکردنی تۆمەتبارانی لەدادگاکەدا نەکردوە، لەتۆمەتبارکردنی تۆمەتباران تێوەنەگلاوە (Burkle, 2006: 2,3) ، بەپێچەوانەوە ئەو هەمو هەوڵێکی بۆ پاراستنی تۆمەتباران خستبوەگەڕ ئەوەتا نوسەری مێژوی ئەمریکا (ئیستێڵ ئاڕ. ڕیدەر- Estell R. Reder) لەمبارەیەوە نوسیویەتی "کۆتن هۆشداری دابو بەدادوەران نابێت بەهیچ شێوەیەك لەسەر بنەمای بەڵگەی خەیاڵی وەك خەون بینین و شایەتیدانی بێبنەما خەڵك بەو بابەتە تۆمەتبار بکرێن و ئازار بدرێن و دادگاییبکرێت"، نیگەرانی قوڵی خۆی بۆ ئەو کارانە دەبڕی، بەڵام ئەم هۆشداریانە لەکاتی دادگاییکردنەکە لەبەرچاونەگیران، تەنانەت ئەو پێیوابو باشترە (١٠) جادوگەر ڕزگاریان بێت و ڕابکەن، نەوەک تەنیا یەك کەسی بێ تاوان و گومانلێکراو سزا بدرێت :Reder, 2018) (25,26، ئەمە سەرەڕای ئەوەی (مازەر) خۆی نوسیویەتی "زۆر سەخت و دژوارە بەبێ بونی زانیاری تەواو کەسێك تۆمەتبار بکرێت بەجادویی و سزابدرێت، ڕەنگە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی باوەڕەکەی هۆکاری ڕزگاری بێت، چی وا دەکات ببنە جادوگەر؟ خەیاڵێك کەهیچ بنەمایەکی ڕاستی زانستی نییە(Mather, 1706/III: 51)، پەرتوکەکەی لەمبارەیەوە بڵاویکردوە دوای کۆکردنەوەی زانیاری زۆرێك لەسەرچاوەکانی ئەوروپا و ئەمریکا بو تێدا هەوڵیدا زانستیانە ئەم بابەتە لێکبداتەوە و بۆ خەڵکی نشینگەکان ڕونبکاتەوە تاوەکو خۆیان بەدوربگرن لە خورافیات و شتە ناڕاستەکان (Burkle, 2006: 2)، ئەمەش وایکرد خەڵکی نشینگەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دیدگایەکی تازەی زانستیان هەبێت لەسەر دیاردەکە و بەو خۆپارێزیە زانستیانەی لەم پەرتوکەدا خستبویەڕو ئەم دیاردەیە بەرە بەرە لەناوچەکەدا نەماو بەرەو کۆتایی چو، هەر ئەمەش وایکرد خەڵکێکی زۆر بەوپەڕی جۆش و خرۆشەوە ڕو لەکڕینی پەرتوکەکە و خوێندنەوەی بکەن(Hoffer, 2019: 32,33 ؛ Bannet & Manning, 2022: 13).

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێبکەین، کۆتن توانیویەتی لەڕێگەی خوێندنەوە و بەدەستهێنانی زانستەوە کۆتایی بەیەکێك لەدیاردە نەرێنیەکانی کۆمەڵگاکەی بهێنێت و پەرتوکێك لەسەر یەکێك لەنەخۆشیە دەرونییەکانی ئەو سەردەمە دەربکات کە بۆ ئەو کاتە داهێنانێکی یەکجار گەورە بو و خەڵکی ئاشناکرد بەدیاردەکە و چۆنیەتی خۆپاراستنیان و چارەسەرکردنی، تەنانەت توێژینەوەکانی لەسەر ئەم بابەتە و نوسینی پەرتوکەکەی دوای خوێندنەوەی بەشی زۆری سەرچاوە تایبەتمەندییەکانی ئەو کاتە لەسەر بابەتی جادوگەریەتی و ئەو کێشە دەرونیانەی ڕوبەڕوی تاك و کۆمەڵگا دەبێتەوە بو، توانی تاوەکو ئاستێکی زۆر ڕۆڵی لەباشکردنی شیرازەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکەی ببنێت و ڕێگایەك بۆ ئەوانەی دیکە بکاتەوە کە دەیانەوێت پەرە بەو ڕێگا زانستیە بدەن و توێژینەوەی زیاتر لەم بوارەدا بکەن.

دواتر (مازەر) پەرتوکێکی تری زانستی لەساڵی ١٦٩٤ بەناونیشانی (مێژویەکی کورتی نیوئینگلانەد- Short History of New England) بڵاوکردەوە، تێدا بەرگری لەتێگەیشتنی گەلێکی پەیمانبوستو لەچوارچێوەی فەرمانرەوایەتییەکی نوێ و نائاینیدا کرد، کە لێبوردەیی ئاینی بنەمای سەرەکی ژیانێکی تەندروستە(Stoll, 1991: 71)، لەم ڕوانگەوە ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە "کۆمەڵگا وەك باخچەیەك وایە ئەرکی زانا و پیاوانی ئاینی بەتوانایە ئەو باخچەیە و میوەکانی لە ئاژەڵە کێوییەکان بپارێزن، ئەندامەکانی ئەو بەرخانەن کە پێویستە ڕێنمایی و چاودێری بکرێت تاوەکو لە گورگە برسییەکان بپارێزرێن، بۆیە ئەم ئەرکە گەورەیە بەزانینی زۆر و هزری زانستیانەی سەردەم ئەنجام دەدرێت"(Mather, 1702: 19 ؛ Stoll, 1991: 72)، لەبەرئەوە بەرپرسیاریەتی زۆر قورسی گرتە ئەستۆ بۆ گواستنەوەی نەریتی ئاینی پیوریتانی نیوئینگلەند بۆ نیو تیۆر و بابەتە زانستییەکانی سەدەی هەژدەم، ئەم ڕێك لەو سەردەمەدا ژیا، کە زانست گۆڕانکاری گەورەی بەخۆیەوە بینی، بۆیە ئەرکی سەرەکی و سەخی ئەو گونجاندنی ئەم دو ئاڕاستە دژیەکە بو، بەڵام توانی پارێزگاری لەنەریتە ئاینییەکان بکات و بیگونجێنێت لەگەڵ پێشکەوتنە زانستییەکان و ڕەوتە هزرییە نوێیەکان، بەجۆرێك زانستی ئەوەندە پیرۆزکرد لەڕوی باوەڕی ئاینی

خوێندكارەكانی لەژێر كاریگەری ئاڕاستە هزرییە زانستیەكەی بەپەرۆشەوە سەرقاڵی خوێندنی زانیارییە نوێیەكان بون و دەقەكانی ناو پەرتوكی پیرۆزی لەگەڵ سروشتی زانست و فەلسەفە گونجاند و ڕاڤەی فەلسەفیانەیان بۆ دەقە پیرۆزە ئاینییەكان كردوە(Stoll, 1991: 71).

پێویستە لێرەدا ئەو بخەینەڕو سەركەوتنی كۆتن لەم ئەركە گەورە و مەزنە بو بەخاڵی وەرچەرخان لەگۆڕانكاری هزری لەنشینگەكانی ئەمریكادا، پاڵپشتیەكی یەكجار گەورە بو بۆ ژمارەیەكی زۆر لەخەڵك بەرەو خوێندن و خوێندنەوە و فێربونی زانست بچن، هەر ئەمەش هۆكارێكی سەرەكی هۆشیاركردنەوەی كۆمەڵگا و پێشخستنی ڕەوتی زانستی بو لەنشینگەكان و چیتر زانست و زانیاری ئەو مەترسیە گەورە نەبو، كە پیاوانی ئاینی بانگەشەیان بۆ دەكرد و لە هزری تاكیەكانی نشینگەكان دروستیانكردبو.

ئەم گۆڕانكارییە بو بەبنەمایەكی بەهێزی بڵاوكردنەوەی یەكێك لەبەرهەمە زانستیە گرنگەكانی تری بەناوی (سەركەوتنی مەسیح لەئەمریكا-Magnalia Christi Americana) لەساڵی ١٧٠٢، تێدا بەڕونی ئاماژەی بۆ ئەوە كردوە چۆن باوك و باپیرانیان لەئەوروپاوە كۆچیان كردوە بۆ جیهانی نوێی نشینگەكانیان دروستكردوە(Johnson, 1997: 85) چۆن ماڵە خۆشەكانی خۆیان بەجێهشتوە بەناو زەریایەكی مەترسیدار تێپەڕبون و لەچۆڵەوانییەكی مەترسیدار نیشتەجێبون، تەنیا و تەنیا لەپێناو چێژوەرگرتنی پاك و بێگەرد لەسەرجەم وتەكانی خودا لەپەرتوكی پیرۆز و جێبەجێكردنیان لەڕێگای زانست و زانیاری و تێگەیشتنی تەواو(Stoll, 1991: 72) ، ئەم پەرتوكەی وەك شاكارێكی زانستی گرنگ سەیر دەكرێت، تێدا لێزانە ئاماژەی بەمێژو و فەرهەنگی نشینگەكان كردوە، هەمو ئەو ڕوداوانەی باسكردوە تاوەكو ئەو كاتە لەنشینگەكان ڕویانداوە، بەتایبەتی ئەو هەنگاوە بوێرانەو مەترسیە زۆرانەی لەلایەن هۆزە ڕەسەنەكانی ئەمریكا (هیندە سورەكان)ەوە ڕوبەڕویان بۆوە، هەمو ئەوە لەپێناو دروستكردنی شانشینی خودا لەجیهانی نوێدا بوە (Johnson, 1997: 85 ؛ Mather, 1702: 18,19) لەم بارەیەوە نوسیویەتی "من باسی ئەم كارە گەورانەی باپیرانمان دەكەم و لەسەر بابەتە سەرنجڕاكێشەكانی ئاینی مەسیحی دەنوسم، لەو كاتەی ئەوان لەگەندەڵی و داڕوخانی ئەوروپاوە بەرەو كەناراوەكانی ئەمریكا كۆچیان كرد تاوەكو شانشینی مەسیح دروستبكەن و مرۆڤایەتی ڕزگار بكەن" (Mather, 1706/III: 298 ؛ Johnson, 1997: 85) ، ئەم بەرهەم زانستییەی وردەكاری زۆری تێدایە دەربارەی كۆچی پیوریتانەكان بۆ ئەمریكا و دروستكردنی نشینگەكان، لەدو توێی چەند بەرگیكدا بەهۆی گەورەی قەبارەكەی لەشاری لەندەن چاپكراو گواسترایەوە بۆ ئەمریكا(هەروتی، ٢٠٢١: ٧٠).

یەكێكی تر لەبەرهەمە زانستییەكانی بریتیبو لەپەرتوكێك بەناونیشانی (پەرتوكی پیرۆزی ئەمریكی-Biblia Americana)، لەم پەرتوكەدا هەوڵیداوە پێشكەوتنی زانستی لەگەڵ دەقەكانی پەرتوكی پیرۆز بگونجێنێت و پشتگیری بۆ بدۆزێتەوە، بەتایبەتی بابەتی زانستە سروشتیەكان كە ڕۆڵی گەورەی هەبو لە دروستبونی گفتوگۆیەكی دور و درێژ لە نێوان خوێندەوارانی ئەو سەردەمەدا، ئەم هەنگاوەی ڕێگا خۆشكەر بو بۆ نوسین و بڵاوكردنەوەی پەرتوكێكی دیكەی بەناوی (فەیلەسوفی مەسیحی-The Christian Philosopher)، تێدا بەشێكی زۆری ئەم زانستە فەلسەفیانەی زانا گەورەكانی جیهانی مەسیحی باسكردوە كە ڕۆڵی زۆریان لەداهێنان و پێشكەوتنی كایە زانستییەكاندا هەبوە (Stoll, 1991: 74) ئەم بەرهەمە ڕوپێوییەكی گشتگیری زانستەكانی ئەو سەردەمە بو، بۆ یەكەم جاربو لەلایەن هاووڵاتییەكی دانیشتوی نشینگەكانی ئەمریكا بنوسرێت بەو شێوازە زانستییە، تێگەیشتنی تەواوی نیشاندەدا لەدۆزینەوەی تیۆرە نوێیەكان و زانیارییە تازەكان لەبوارەكانی فەلەكناسی و فیزیا و بایۆلۆژیا، ئەم كارانەی فەیلەسوفەكان لەم ڕوە كردبویان(Cohen, 1950: 33).

لەم سۆنگەوە كۆتن دوای باسكردنی ئەو زانستانە ئاماژەی بۆ ئەوە كردوەو فەلسەفەی سروشتی ئەو زانستیەیە پێویستە كاتی زۆر زیاتری بۆ تەرخانبكرێت تاوەكو بەڕاست و دروستی فێرخواز فێری بێت و هانی فێرخوازانی نشینگەكانی داوە تاوەكو كاتی زۆر بۆ خوێندن و خوێندنەوەی تەرخانبكەن، لەبەرئەوەی بەتێگەیشتن لێی دەگەیە ئەو باوەڕەی پشكنینی سروشت و ڕاڤەی فەلسەفیانە بۆی دانایی باڵات نیشان دەدات كە گەیشتنە بەزانستی ڕاستەقینەی خودا و شكۆمەندییەكەی (Hall, 2024: 62-64)؛ (Cohen, 1950: 11).

لێرەدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوە بكەین بڵاوكردنەوەی ئەوە تێگەیشتنە لەناو خەڵكدا كاریگەری زۆری هەبو لەهاندانی ژمارەیەكی زۆر لەدانیشتوانی نشینگەكانی ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا تاوەكو ڕو بكەنە خوێندنەوەی زانستە سروشتیەكان و نوسینە فەلسەفیەكان لەم بوارەدا، تاوەكو كاتی زۆر تەرخن بكەن بۆ تێگەیشتن لەئامانج و مەبەستەكانی زانستە سروشتییەكان و بەكارهێنانی ئەو تێگەیشتنە ئاینییە بۆ پێشكەوتنی زانست و زانیاری كاریگەری بەسەر ڕەوت گەشەسەندنی زانستی لەنشینگەكاندا هەبو.

لەڕاستیدا لێرەدا فەلسەفە دەبێتە پەیوەندییەكی تەواوكاری لەنێوان زانست و ڕەوشت و باوەڕی ئاینی تاكی پیوریتانی بەجۆرێك فەلسەفەی فیزیایی نیوتن تێكەڵ دەكرێت بەیاسا و بنەما پەسەندكراوە ئاینییەكان لەناو هزری خەڵكی نشینگەكانی نیو ئینگلەند، تا ئەو ئاستەی (مازەر) پێیوایە "نیوتن دەبێتە دیكتاتۆری هەمیشەیی ئێمە"، ئەمەش وەك ئاماژەیەكی ئەرێنی بۆ پەیوەندی بەهێزی زانستی فیزیایی

و باوەڕی ئاینی (Cohen, 1950: 124)، بۆ نمونە هێزی (کێشکردن) لەفیزیادا کۆتن گونجاندویەتی لەگەڵ باوەڕدا و پێیوایە ئەوە هێزێکی نەبینراوی خودایە و توانا و دەسەڵاتی بەهێزی ئەومان نیشاندەدات، بۆیە پێویستە لێکۆڵینەوە لەسەری بکرێت و دانایی و گەورەی ئەوی تێیدا ببینرێت(Hall, 2024: 79,80)، ئەم تێگەیشتنە زانستیانە بونە بنەمایەکی سەرەکی دامەزراندنی یەکەمین کۆمەڵەی زانستی لەنێو ئینگلەند بەناوی (کۆمەڵەی فەلسەفی بۆستن)، (کۆتن) وەک پاڵپشتی کارو ئەندامی کۆمەڵەکە ڕۆڵی بەرچاوی بینی لەو گفتوگۆ زانستیانەی لەچوارچێوەی ئەم کۆمەڵە زانستە فەلسەفیەدا ئەنجام دەدران(Stoll, 1991: 74).

لەم گۆشەنیگایەوە (مازەر) هەمیشە بانگەشەی ئەوەی کردوە ئاین و زانست دو دۆستی نزیکی یەکترو تەواوکەری بنەڕەتی یەکترین، ئاین پێویستیەکی گرنگی ڕوناکبیریە، بۆیە پێویستە پرۆژەی گەورە بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵك هەبێت، ئەم بۆچونە زانستیانەی گەیشتە ئاستێك دو بەرهەمی پەروەردەیی و زانستی گرنگ بڵاوکردەوە بەناوەکانی (خێزانی باش و ڕێکخراو- The Family well Ordered، جوانکارییەکان بۆ کچانی زاین- The Ornaments of the Daughter of Zain)، تێدا تێڕوانینێکی زانستی ژیرانە بە پەروەردەی تەندروستی خێزان دەکات و ڕۆڵی دایك و باوك لەم پەروەردەدا دەخاتەڕو بەتایبەتی پەروەردەی کچان لەناو خێزاندا (Johnson, 1997: 84).

جێگای خۆیەتی ئەوە بخەینەڕو بیرکردنەوەکانی (مازەر) لە گرنگیدان بە خێزان و پەروەردەی منداڵ و فێرکردنیان، دەگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕە پیوریتانییەکەی، چونکە لە باوەڕی ئەواندا پەروەردە و فێرکردن بنەمای سەرەکی ڕەزامەندی خودایە و ئەرکێکی ئاینی باڵایە پێویستە خێزانەکان بەرامبەر منداڵەکانیان ئەنجامی بدەن نابێت بەهیچ جۆرێک و لە ژێر هیچ پاساوێک فەرامۆشی بکەن، تاوەکو باوەڕیان تەواو بێت و خودا ڕزگاریان پێببەخشێت.

کۆتن مازەر سەرەڕای ئەم هەمو هەوڵە زانستیەی لەبواری فیزیا و ماتماتیك داویەتی و چەندین بەرهەمی زانستی گرنگ و پڕ بایەخی پێشکەش بەپەرتوکخانەی کۆلێژی هارڤارد کرد، لەنوسینەکانیدا سەرسامی خۆی بەتیۆرەکانی زانای گەورە (نیوتن) پێشانداوە، ئەمەش وایکردوە لەسەردەمی خۆیدا چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی گەورە لەبواری فیزیاییدا بکات، لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم زانستە بخاتەڕو بەوردی شارەزایی پرنسیب و بنەما فیزیاییەکانی نیوتن بو، بەڵام لەکۆتاییدا ڕێگای لێکۆڵینەوەی زانستی لەبوارەکانی فیزیاو ماتماتیکی بەجێهێشت لەپێناو ڕێگای زانستی پزشیکیدا(Cohen, 1950: 30).

**دووەم: کارەکانی کۆتن مازەر لە بواری پزیشکیدا**

لە ڕاستیدا کۆتن هەر لەمنداڵیەوە کۆمەڵێك زانیاری لەبارەی زانستی پزیشکییەوە وەرگرتبو، چەند بابەتێکی پزیشکی خوێندبو، وەك پزیشك ڕاهێنانی پێکرابو بەرلەوەی ببێتە پیاوی ئاینیش، هەر بۆیەش ئەو داکۆکیکاری سەرسەختی (کوتان- Vaccination) بو دژی نەخۆشی باوی ئەو سەردەمە (ئاوڵە- Smallpox) بەتایبەتی بۆ گەنجان، ئەو فێرخوازێکی بەپەرۆشی ئەو ڕێگایە بو کە زانستی پزیشکی پێی پێشکەوێت(Johnson, 1997: 83)، لەم ڕووەوە یەکێك لەگرنگترین داهێنانە پزیشکییەکانی (کۆتن مازەر) لەساڵی ١٧٢١ بریتی بو لەدۆزینەوە و دروستکردنی ڤاکسینی دژە پەتای کوشندەی (ئاوڵە- درکە کوتە)، دۆزینەوەی ئەم چارەسەرەشی لەکۆیلە ڕەش پێستەکەی بەناوی (وەنسمینس- Onesimus) بیستبو، دوای ئەوەی خەڵکی شاری (بۆستن) ڕوبەڕوی ئەم نەخۆشە مەترسیدارە بونەوەو ژمارەیەکی زۆر لەدانیشتوانی شارەکە توش بون و ئاڵای سور لەسەر دەرگای ماڵی نەخۆشەکان هەڵدەواسرا تاوەکو کەس سەردانیان نەکات، لەبەرئەوەی نەخۆشییەکە گوازراوە بو بەشێوەیەکی خێرا بڵاو دەبۆوە، بۆیە (کۆتن) لەم کاتەدا وەك فریادڕەسی خەڵکی شارەکی دەرکەوت(Wilkerson, 2020: 211) دوای وەرگرتنی زانیارییەکان لەکۆیلەکەی بۆ ئەم چارەسەرە کەخەڵکی لەسەرانسەری ئەفریقادا ئەم ڕێگایە بەکاردەهێنن، بەشێوەیەك برێکی کەم لەماددەی نەخۆشە توشبوەکە لەگەڵ چەند مادەیەکی تری پزیشکی تێکەڵدەکەن و بەئەنقەست دەیخەنە ناو پێستی کەسێکی تەندروست هەندێك نیشانەی سوکی نەخۆشیەکە لێی دیاردەکەوێت وەك (ئازار و سوربونەوەی پێست)، دواتر ئەو کەسە بەرگری تەواوی دژی نەخۆشیەکە پەیدادەکرد و بۆ هەمیشە لە نەخۆشییەکە دەپارێزرا (Washington, 2006: 72).

لەم ڕووەوە دوای پیشاندانی ئەم ڕێگا تازەیە (کۆتن) و سەرنجدانی ورد لەزانیارییەکان، دەستی کرد بەلێکۆڵینەوەی زانستی پزیشکی ورد لەسەر بیرۆکە زانستیەکە بەناوی (ڤێریلەشن- Variolation)، لەماوەیەکی کەم ڕاستی و دروستی ڕێگا زانستییەکەی سەلماند و ئەم بەرهەمە پزیشکیەی بەرهەم هێنا، کە بۆ ئەو کاتە داهێنانێکی یەکجار گەورەو مەزن بو، ئەم داهێنانەی (مازەر) بو بەپێشەنگی ڤاکسینی دژە ئاوڵە بۆ زانایانی بواری پزیشکی ئەوروپا و ئەمریکا لەو کاتەدا، لەگەڵ دۆزینەوەی ئەم چارەسەرە گرنگە پزیشکییە پێشنیازی بۆ خەڵك

کرد بەگشتی بەکاریبهێنن لەشاری بۆستن و تەواوی نشینگەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، ئەم ڕێگایە بەکاربهێنن بۆ خۆپارێزی و ڕوبەڕوبونەوەی ئەم نەخۆشیە کوشندەیە، بەڵام بەپێچەوانەی بیرکردنەوەکانی ئەم داهێنانە پزیشکیە لەلایەن پزیشکان بەتوندی ڕەتکردیەوە و چارەسەرەکە لەلایەن خەڵکی بەمەترسیدار لەقەڵەم دراو دژی بەکارهێنانی وەستانەوە، چونکە پێیانوابو ئەمە چارەسەرێکی ئەفریقی دواکەوتوە و ناتوانن پشت چارەسەرێکی نامۆ ببەستن کە بنەماکەی ئەفریقی بێت و ژیانیان بخەنە مەترسیەوە (Wilkerson, 2020: 211)، ئەم دژایەتییە کاتێك زۆر زیادیکرد کە زۆرینەی پزیشکان ڕایانگەیاند ناتوانن پشت بەچارەسەرێك ببەستن کە پاشخانێکی زانستی ئەفریقی هەبێت، بۆیە پزیشکانی شاری بۆستن بەسەرکردایەتی (ویلیەم دۆگلەس- William Douglass١٦٣٧-١٦٩٥) ئەم چارەسەرەیان بە نازانستی لەقەڵەم دا و ڕۆڵی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیش لە ناشیرنکردنی وێنای کۆتن و داهێنانەکەی کاریگەری زیاتری هەبو بەسەر ئەم دژایەتیە کە بەپاڵپشتی پزیشکان پەرەی پێدرابو(Washington, 2006: 72).

لەم سۆنگەوە ئەم دژایەتیە گەیشتە ئاستێك پزیشکێکی تایبەتمەندی نەخۆشیە گوازراوەکان بەناوی (د. موزلی- Dr. Moseley١٧٤٢-١٨١٩) لەپەرتوکەکەی بەناوی (A Treaties on the Lues Bovilla)، وەك بانگەشەیەك بۆ ئەم دژایەتییە نوسیویەتی "باوکە لێیان خۆشبە، چونکە نازانن چ دەکەن"، ئەم پەرتوکی بەتایبەتی لەلایەن بەشێك لەپیاوانی ئاینییەوە پەسەندکرابو پاڵپشتی دەکرا بەسەرکردایەتی پیاوی ئاینی گەورەی کڵێسای دۆرمۆ، ئەم کاردانەوە توندانە ڕۆڵیان هەبو لەدامەزراندنی یەکەمین کۆمەڵەی دژە کوتان کە ئەندامانی ژمارەیەکی زۆر لەپزیشکان و پیاوانی ئاینی لەخۆگرتبو(Moseley, 1805/XVII: 68) ئەم کۆمەڵەیە و بڵاوکراوەکان لەڕۆژنامەکان کاریگەری نەرێنی هەبو لەسەر چارەسەرە پزیشکیەکە، چونکە بە بەرهەمێکی گاڵتەجارانە و نامەسیحی و نائاینی و جادویی تێکەڵ بەنەریتی ئەفریقیەکانیان دەزانی، بۆیە بەهەمو توانایانەوە دژی وەستانەوە، لەم گۆشەنیگایەوە ڕۆڵی هەریەکە لە (بێنجەمین فرانکلین- Benjamin Franklin١٧٠٦-١٧٩٠) و براکەی بەناوی (جەیمس فرانکلین- James Franklin١٦٩٧-١٧٣٥) لەدژایەتی کردنی (کۆتن مازەر) و لایەنگرانی بەڕونی دیارە بەتایبەتی کاتێك (جەیمس)ی برای خاوەن ڕۆژنامەی تایبەتی خۆی بو بەناوی (نیوئینگلەند کورەنت- New England Courant) فرانکلین هاوکاری سەرەکی بو هەڵسان بەکۆکردنەوە بەڵگە و زانیاری زۆر دژی ئەم داهێنانە و بەناڕاستیان لەقەڵەمدا و لەڕۆژنامەکەدا زۆرترین وتارو نوسینیان بۆ ڕەتکردنەوە و بەنازانستی ناساندنی چارەسەرەکە بڵاوکردەوە، ئەم هەوڵانەیان بۆ ئەوە بو ڕوبەڕوی ئەو هەوڵە زانستییە ببنەوە و بەئاشکرا بانگەشەیان بۆ ڕەوتی دژە کوتان دەکرد و پرۆسەی کوتانیان بە نازانستی و ناپزیشکی هەژمارکردبو(Franklin, 1954: xii) لەگەڵ ئەم هەمو دژایەتی و ئاستەنگانە کۆتن بەردەوام بو لەبانگەشە و هەوڵەکانی بۆ تاقیکردنەوەی ئەم چارەسەرەو هەمو هەوڵێکی دا تاوەکو بڕوا بەخەڵك بهێنێت تاوەکو پرۆسەی کوتان ئەنجام بدەن و خۆیان بپارێزن لەنەخۆشیەکە(Hall, 2024: 92)، هەوڵەکانی سەرکەوتو بون کاتێك یەکێك لە پزیشکە بەناوبانگەکانی ئەو کاتەی نشینگەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەناوی (زابدیل بۆیڵستن- Zabdiel Boylston١٦٧٩-١٧٦٦) ڕاستی و دروستی چارەسەرە پزیشکیەکەی سەلماند، دوای ئەوەی پرۆسەی کوتانی دژی نەخۆشیەکە لەسەر دو کۆیلەی ڕەش پێست تاقیکردەوەو سەرکەوتو بو، پاشان کوتانی بۆ زیاتر لە (٢٤٠) کەس ئەنجامداو کاریگەریەکی چاوەڕواننەکراوی هەبو، ئەمەش وایکرد باوەڕی تەواوی بەچارەسەرەکە هەبێت و تەنانەت بۆ کوڕە بچوکەکەی خۆشی کەتەمەنی (٦) ساڵان بو بەکاریبهێنێت، ئەم ئەنجامە گرنگانە وایکرد دکتۆر (بۆیڵستن) ڕایبگەیەنێت کە ئەوان سەرکەوتنی زۆر گەورەیان لەبەرکارهێنانی ئەو چارەسەرە بەدەستهێناوە بەوە سەرکەوتوانە ڕوبەڕوی نەخۆشیە کوشندەکە بونەتەوە(Washington, 2006: 72)، بۆ ئەم مەبەستە بەڵگەی گەورەو بڕوا پێهێنەری خستەڕو لەسەر داتاکانی چارەسەرکردنی توشبوان بەم چارەسەرە بەپێی داتاکان نزیکەی (٢٩٤) کەس لەیەکەم تاقیکردنەوەی بەکارهێنانی ڤاکسینەکە دوای وەرگرتنی چارەسەر لەماوەی ساڵێکدا چاکبونەو تەنیا (٦) کەس گیانیان لەدەستدابو بەم نەخۆشییە، بەڵام (١٠٠٠) کەس لەتوشبوان دوای بەکارهێنانی چارەسەری باوی پزیشکی ئەو کات گیانیان لەدەستدابو، لەگەڵ ئەم ئەنجامەشدا پزیشکان ناچاربون دان بەچارەسەرەکەدا بنێن، بەڵام بەڵگەی وتەی پیاوانی ئاینیان دەهێنایەوە کەچارەسەرەکە دژە ئاینە(Youmans, 1891/XXXIX: 60)، لەم ڕوانگەوە (کۆتن) بەتوندی دژی ئەم بانگەشە ئاینیانە وەستایەوە و لەم بارەیەوە نوسیویەتی "پرۆسەی ڤاکسین – کوتان کارێکی تەواو شەرعییە و لەگەڵ بنەمای پەرتوکی پیرۆز گونجاوەو لەلایەن خوداوە بەرکەتدار و پیرۆزکراوە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ کە بەرزترین ئامانجی ئاینییە لەئاینیی مەسیحیدا" ئەم هەنگاوە وایکرد کاریگەری زۆر دروستبکات و خەڵك بەتەواوی باوەڕی پێبهێنن و چارەسەرەکە وەك فریادڕەسی ڕزگاری خەڵك لەنشیگەکانی ئەمریکادا ڕۆڵی هەبو، ناوبانگی (کۆتن)ی یەکجار زیاتر کرد لەسەر ئاستی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و تەنانەت ئەوروپاش(Mather, 1716/I: 133-137) جێگای خۆیەتی ئەوە بخەینەڕو کە هەر داهێنانێکی زانستی لەسەرەتادا

ڕووبەڕوی دژایەتی و ئاڵەنگاری زۆر دەبیتەوە، بەڵام بە تێپەڕبونی کات و بینینی دەرئەنجامە گەورەکانی دەبێتە گۆڕانکارییەکی گەورە لە ژیانی مرۆڤەکان و تەناتەن ئاراستەی زانستییەکان و بەرەپێشچونی گەورە لە ڕوی زانستییەوە دروستدەکات، (کۆتن)بەهەمان شێوە لەسەرەتادا بە هەمان بارودۆخدا تێپەڕی، بەڵام لە دواتردا کارەکانی بونە فاکتەری زۆر گرنگی پێشکەوتنی زانست لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و جیهانیش تاوەکو ئەمڕۆ شانازی پێوەدەکرێت.

ئەم سەرکەوتنەی (مازەر) لەم داهێنانە گەورە پزیشکیەی کە یەکەمین کەس بو توانی بەو شێوازە زانستییە دروستی بکات و تاقیبکاتەوە و ئەنجامی بەرزی لێبەدەستبهێنێت، پێگەی زۆر زیاتر بەرزکردەوە لەناو خەڵکدا(Stoll, 1991: 76)، ئەوەتا یەکێك لەنەیارە سەرسەختەکانی کە (بێنجەمین فرانکلین) بو، دوای ئەم سەرکەتنە بو بەیەکێك لەهەوادارە گەورەکانی و تەنانەت سەرسامی پێی گەیشتە ئەو ئاستەی گەشت بکات بۆ شاری (بۆستن) و سەردانی بکات، کۆتن زۆر بەگەرمی پێشوازی لە(فرانکلین) کردبو لەپەرتوکخانەی میواندار کردبو چەندین پەرتوك و بەرهەمی زانستی پێبەخشی و ئامۆژگاری کردوە کە گەنجە و داهاتویەکی زۆر گەورەی لەپێشە، بۆیە پێویستە هەمو هەوڵێك بدات لەڕوی زانستیەوە خۆی زیاتر بەرەو پێش ببات، ئەمە سەرەڕای گفتوگی زانستی و شیکردنەوەی بۆچونە زانستیەکانی، لەم ڕۆژەوە فرانکلین خۆی بەخوێندکاری کۆتن هەژمارکرد و پەیوەندییەکی تۆکمە لەنێوانیاندا دروستبو تەنانەت لەزۆرێك لەکۆبونەوە زانستی و وانەکانیدا بیروباوەڕو نمونە زانستییەکانی (کۆتن)ی وەك بەڵگەی زانستی بەهێز بۆ فێرخوازی هێناوەتەوە :Franklin, 1954) (40، ئەم هەمو هەوڵە زانستیانە فاکتەری سەرەکی بو بۆ وەرگرتنی دکتۆرای فەخری لەزانکۆی (گلاسگۆ-Glasgow) لەسکۆتلەندا لەساڵی ١٧١٠ لەبواری (تیۆلۆژیا- خوداناسی) هەمیشە شانازی پێوەدەکرد، تەنانەت ئەو بیروبۆچونە فەلسەفی و زانستیانەی وایکرد ببێتە ئەندامی (کۆمەڵەی شاهانەی ئینگڵتەرا(Smolinski & Minkema, 2020: xvi) پاشان بەربژێرکرا بۆ سەرۆکایەتی کۆلێژی (یلی-Yale) ئەو لەساڵی ١٧٠١ دوای ڕەتکردنەوەی بۆ سەرۆکایەتی کۆلێژی هارڤارد، پاڵپشتی دارایی و کەسی پێشکەش کرد و دایمەزراند، بەڵام ناوبراو ئەم پۆستەی ڕەتکردەوە بەهۆی هەڵکشانی تەمەنیەوە، کۆتن لەساڵی ١٧٢٨ لەناو کۆمەڵێك بیروبۆچونی نەگونجاو و ڕەخنەیی توندا وەک کەسێکی ڕەخنە گر و نە گونجاو لەگەڵ سەردەمەکەی گیانی لەدەستدا(Johnson, 1997: 84,85)، لەمبارەیەوە توێژەری تایبەتمەندی ژیان و کەسایەتی (کۆتن مازەر) (ئەمیللیە ئابی بار- Amelia E Barr) نوسیویەتی" کۆتن وەك مرۆڤێکی زانا کەسایەتییەکی داهێنەر و دڵسۆز و سەرسوڕهێنەر و سەرنجڕاکێشە بو شایستەی پێزانینی گەورەیە و کەسایەتی مەزنی هەیە لەمێژوی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا و شیاوی ڕێزە، بەڵام وەك پیاوی ئاینی کەسێکی لوتبەرز و دڵڕەق و سەرزەنشتکار و ناشرین و قێزەونە(Barr, 1904: 346).

لێرەدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین کە (کۆتن) بەهۆی خوێندنەوەی سەرچاوە زانستییەکان بە حەوت زمانی جیاواز توانیویەتی ئاگاداری پێشکەوتنە زانستییەکان بێت و زانیاری زانستی زۆر بە بایەخ کۆبکاتەوە و هەر ئەمەش کاریگەری گەورەی بەسەر ئەم هەمو بەرهەمە زۆرە زانستییەی لە نشینگەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا بڵاویکردوەتەوە هەبوە، کە لە ڕێگایانەوە توانی بزاڤی هزری و زانستی لە نشینگەن بەرەوپێش ببات و گۆڕانکاری زۆر لە پێشخستنی ڕەوتی زانست لە ئەمریکادا بکات بەجۆرێک تاوەکو ئەمڕۆش توێژینەوە زانستییەکان بەردەوامن لە دەرخستنی ئەم کاریگەرییە گرنگ و گەورەیە.

**ئەنجام**

لە نوسینی ئەو توێژینەوە زانستییەدا گەیشتینە چەندین ئەنجامی زۆر گرنگ و بە بایەخ لەسەر بابەتەکە، ئەوەش دوای گەنگەشەکردنی زانیارییە بەپێزەکانی نێو سەرچاوەکان سەرەکییەکانی بابەتەکە، وەک ئەو خاڵانەی لە خوارەوەدا ئاماژەمان پێکردوە:

١- کۆتن مازەر لە بنەماڵەیەکی ئاینی خوێندەوار و بەناوبانگ لەدایکبوە، بەجۆرێک ئەو بنەماڵەیە گرنگی زۆریان بە بواری خوێندن و خوێندەواری و پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن داوە، تەنانەت ئەو بابەتەیان وەک بەشێکی سەرەکی و بنەڕەتی لە بیروباوەڕە ئاینییەکەیان بینیوە، بۆیە کاتێکی زۆریان بۆ پەروەردەکردنی (کۆتن) لەڕوی پەروەردەیی و زانستییەوە تەرخانکردوە، بۆیە ویستگەکانی پێگەیشتنی زۆر بەخێرایی و سەرکەوتویی تەواوکردوە، بوەتە جێگای سەرنجی خەڵکی نشینگەکان لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.

٢-دوای سەلماندنی ئەم ڕاستیيە زانستییەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە، دەگەینە ئەو باوەڕەی بەهۆی ئەو پێگە ئاینی و کۆمەڵایەتیەی بنەماڵەکەی کاریگەری یەکجار گەورەی کردوەتە سەر گەورە بون و پێگەیشتنی، چونکە پاڵپشتی و هاوکاری زۆریان کردوە تاوەکو بتوانێت بە ئاسانی دەستی بگات بە سەرچاوە بە بایەخەکانی ئەو سەردەمە و خۆی فێری چەندین زمانی گرنگی ئەو کاتە کردوە، ئەوە سەرەڕای تەواوکردنی خوێندنی باڵا لەو سەردەمەدا لە کۆلێژە ئاست بەرزەکان، بۆیە ئەگەر پێگە و پاڵپشتی دارایی و ئاینی بنەماڵەکەی نەبوایە، نەیدەتوانی بگاتە ئەو ئاستە بەرز و کاریگەرەی هەیبو.

٣- کەسایەتی (کۆتن مازەر) لە بنەڕەتدا خاوەنی چەندین تایبەتمەندی ئەرێنی و نەرێنییە، هەر یەکەیان بە شێوازێکی تایبەت کاریگەری لەسەر دروستبونی کەسایەتییەکەی کردوە، تەنانەت نەگونجاوییەک و دژیەکییەک لە کەسایەتییەکەیدا دەبینرێت و ڕەنگیداوەتەوە، کە بە درێژایی ژیانی نەیتوانیوە کۆنترۆڵی بکات و ئاسەوارەکانی لەسەر خۆی کەم بکاتەوە، لەبەرئەوەشە زۆر جار وەک کەسێکی نەگونجاو وێناکراوە.

٤-کۆتن مازەر ڕۆڵی وکاریگەری زۆر گەورەی لە پێشخستنی ڕەوتی زانستی لە نشینگەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا هەبوە، جێپەنجەی لەسەر سەرجەم بوارە زانستییەکان بە ڕونی دیارە، هەر لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە تاوەکو زانستە پەتییەکان، داهێنانەکانی لە سەرجەم بوارەکاندا بوەتە جێگای دروستبونی گفتوگۆیەکی بەپێز و دورودرێژی ئەکادیمی لە ناوەندە زانستییەکانی ئەو سەردەمە، هەر ئەوەش وایکردوە تاوەکو ئەوڕۆش لێکۆڵینەوەکان لەسەر خودی خۆی و کارەکانی بەردەوام بن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زانیاری زیاتر لەسەر خۆی و کارە گەورەکانی لە ڕوی زانستییەوە ئاشکرابن، بۆیە دەکرێت وەک کەسێکی فەرهەنگی وێنابکرێت لەبەرئەوەی داهێنانی زۆر گرنگی لەسەرجەم بوارەکانی (مێژو، کۆمەڵایەتی، دەرونی، فیزیایی، بیرکاری. پزیشکی)کردوە.

٥-نوسین و بڵاوکراوە زانستییە زۆرەکانی بوەتە فاکتەری سەرەکی هاندانی خەڵکی نشینگەکان، تاوەکو هەنگاوی گەورە بنێن بەرە و زانسیت و زانیاری، کارەکانی هۆشیاری زۆری لەناو خەڵکدا بڵاوکردوەتەوە، بەتایبەتی تەرخانکرنی بەشێکی زۆر لە وتارە ئاینیەکانی بۆ کایە زانستییەکان و گرنگیان لە ناو باوەڕی ئایندا، بە سەنتەرکردنی زانست و دروستکردنی پاڵپشتی ئاینی بۆی لەو سەردەمەدا کارێکی یەکجار سەخت بو، بەڵام ئەو توانی زۆر سەرکەوتوانە ئەو کارە گەورەیە ئەنجامبدات و شوێنکەوتوی زۆر بۆ ڕێبازە زانستییەکی لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە، گۆشیان بکات بەو تێگەیشتنە تاوەکو کاتی زۆر بۆ زانست و زانیاری تەرخانبکەن و بە بەشێکی گرنگی تەواوکردنی باوەڕە ئاینییەکانیانی بزانن، لەبەر ئەوە کاریگەرییەکانی لەسەر پێشخستنی زانست لە نشینگەکان تاوەکو ئەو ئاستە گەورە بوە گۆڕانکاری زۆری بەسەر ئەقڵییەتی خەڵکدا هێناوە و ڕێز و ناوبانگێکی گەورەی پێبەخشییوە، کە بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێت لە ژێر هیچ پاساوێک نادیدەبگیرێت.

**پەراوێزەکان:**

(١) پیوریتان: گروپێکی ناو ئاینی مەسیحی بون لەنیوەی دوەمی سەدەی شانزەهەم لە ئینگلتەڕادا دەرکەوتن، بانگەشەی چاکسازی تەواو و بنەڕەتیان لە ناو و پلە و پۆست و ڕێوڕەسمە ئاینیەکانی کڵێسای ئەنگلیکانی ئینگلیزی دەکرد، دژی دیسپلینی کڵێسا بون و خۆیان بە پاکخواز و چاکەکاری ڕاستەقینە دەزانی دژی هەمو داهێنراوێکی پاپی ڕۆمانی(Todd, 1987: 10-17).

(٢)کۆمۆنوێلس: بریتییە لە سیستەمێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی پیوریتانەکان کە لە ئینگلتەڕادا جێبەجێیانکرد، لەماوەی ساڵانی ١٦٤٩-١٦٦٠، بەڵام نەیانتوانی بەباشی تیۆریزەی بکەن، بۆیە سیستەمی پاشایەتی جێگای گرتەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (Wallace, 2013: 109-118).

(٣)جەنگی شا فلیپ: ئەو جەنگە بو لە ماوەی ساڵانی ١٦٧٥-١٦٧٨ لە نشینگەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا هەڵگیرسا لەنێوان دانیشتوانی نشینگەکان و خەڵکی ڕەسەنی ئەمریکا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (Mandell, 2007: 45-60).

## سەرچاوەکان

**Abrams, Dennis. (2011):** ***Cotton Mather, Chelsea House Press, Library of Congress, United States of America.***

**Bannet, Eve Tavor and Manning, Susan. (2022):** ***Transatlantic Literary Studies 1660-1830, Cambridge University Press, U.K.***

**Barr, Amelia E. (1904):** ***The Black Shilling*, T. Fisher Unwin Press, London.**

**Burkle, Wolfgang (2006):** ***Cotton Mather's "The Wonders of the Invisible World" and Witchcraft in Salem,*** **GRIN Verlag Press, Germany.**

**Ciment, James (2006):** ***Colonial America, "An Encyclopedia of Social, Political, Cultural, and Economic History", Vol. II,*** **University of Pennsylvania Press, United States of America.**

**Cohen, I. Bernard (1950):** ***Some Early Tools of American Science, "An Account of the Early Scientific Instruments and Mineralogical and Biological Collections in Harvard University",*** **Harvard University Press, Cambridge, Massachusetts, United States of America.**

**Franklin, Benjamin (1954):** ***Some Account of the Pennsylvania Hospital, Ed. Bernard Cohen,*** **Oxford University Press, London.**

**Hall, Graham (2024):** ***Cotton Mather's work, Fast Press, England.***

**Hoffer, Peter Charles (2019):** ***Cotton Mather Works,*** **University of Pennsylvania Press, United States of America.**

**Holmes, Thomas James (1974): Cotton Mather*, "A Bibliography of His Works", Vol. I,*** **Harvard University Press, United States of America.**

**Johnson, Paul (1997):** ***A History of The American People,*** **Harper Perennial Press, New York.**

**Kennedy, Rich (2015):** ***The First American Evangelical "A Short Life of Cotton Mather",*** **William B. Eerdmans Press, Grand Rapids, Michigan, Cambridge, U.K.**

**Livery, Smith (1911):** ***The Round Table, Vol. LVIII,*** **Beloit College Press, Chicago, United States of Am*erica.***

**Lovelace, Richard F. (1979):** ***The American Pietism of Cotton Mather "Origins of American Evangelicalism",*** **Christian College Consortium Press, Wipf Stock, Eugene, Oregon.**

**Lowry, H. Graham (1987):** ***How the Nation Was Won "America's Untold Story 1630-1754",*** **PMR Press, Library of Congress, United States of America.**

**Lutz, Norma Jean (2000):** ***Cotton Mather, "Author, Clergyman, Scholar"*** **Chelsea House Press, New York.**

**Lutz, Norma Jean (2001): Increase Mather, "Clergyman, Scholar" Chelsea House Press, New York.**

**Mandell, Daniel R. (2007):** ***King Philip's War,*** **U.H Press, Massachusetts.**

**Marvin, Abijah P. (1892):** ***The Life and Times of Cotton Mather, "D.D., F.R.S. or A Boston Minister of two Centuries Ago 1663-1728",*** **Congregational Sunday-School Press, Boston and Chicago, U.S.A.**

**Mather, Cotton (1702):** ***Magnalia Christi Americana,*** **James and Brothers Press, London.**

**Mather, Cotton (1706):** ***The Wonder of the Invisible World, V.III,*** **James and Brothers Press, London.**

**Mather, Cotton (1716):** ***The Threefold Paradise, Vol. I,*** **James and Brothers Press, London**

**Mather, Cotton (1964):** ***The Diary of Cotton Mather D.D., F.R.F. for the Year 1712,*** **Ed. Manierre, William R. II, University Press of Virginia, U.S.A.**

**Mather, Cotton & Calef, Cobert (2015):** ***The Witchcraft Delusion in New England, CreateSpace Press,*** **North Charleston, South Carolina, United States of America.**

**Mather, Increase (1870):** ***The Mather Papers, Part. I,*** **Cambridge University Press, United Kingdom.**

**Moseley Benjamin (1805):** ***A Treatise on the Lues Bovilla, Vol. XVII,*** **Medical Library Press, London.**

**Price, David W. (2020):** ***A World of Darkness, "Cotton Mather and the 1692 Salem Witchcraft Trials*", Wipf Stock Press, Eugene, Oregon.**

**Ralph & Boas, Louise (1928):** ***Cotton Mather, "Keeper of the Puritan Conscience*", Harper & Brothers Press, New York.**

**Reder, Estelle R. (2018):** ***That's My Story "Fully Engaged on a Courageous Path",*** **Friesen Press, Altona, Manitoba, Canada.**

**Ridpath, Clark, John (1885):** ***Cyclopedia of Universal History, "being an account of the principal events in the career of the human race from the beginnings of civilization to the present time, from recent and authentic sources", Vol. II, John T.*** **Jones Press, U.K.**

**Samper, Barbara (2007):** ***A Gift to My Descendants: "The Remarkable Stories of Our Ancestors and Their Role in History",*** **California University Press, United States of America.**

**Silverman, Kenneth (1984):** ***The Life and Times of Cotton Mather, Columbia University Press, New York.***

**Smolinski Reiner & Minkema, Kenneth P. (2022):** ***A Cotton Mather Reader*, Yale University Press, United States of America.**

**Smolinski, Reiner & Minkema, Kenneth P., and Juchno, Andrew (2025):** ***Cotton Mather's Curiosa Americana "Scientific Letters to Royal Society",*** **A Durham University Imems Press, United Kingdom.**

**Sparks, Jared. (1834).** ***Sparks, Jared (1834): The Library of American Biography, Vol. VI,*** **Harper & Brothers Press, New York.**

**Stoll, Mark (1991):** ***Protestantism, Capitalism, and Nature America,*** **University of New Mexico Press, Albuquerque, United States of America.**

**Todd, Margo (1987):** ***Christian Humanism and The Puritan Social Order,*** **Cambridge University Press, United Kingdom.**

**Washington, Harriet A. (2006): Medical Apartheid,** ***"The Dark History of Medical Experimentation on Black Americans from Colonial Times to the Present",*** **Harlem Moon Press, New York.**

**Wilkerson, Isabel. (2020).** ***Wilkerson, Isabel (2020): Caste, "The Origins of Our Discontents",*** **Random House Press, New York.**

**Youmans, William Jay. (1891a).** ***Youmans, William Jay (1891): The Popular Science Monthly, Vol. XXXIX,*** **Appleton Press, New York.**

**Youmans, William Jay. (1891b).** ***Youmans, William Jay (1891): The Popular Science Monthly, Vol. XXXIX, Appleton Press, New York.***

**نورائی، فرشته (٢٠٠٧): مێژوی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەمریکا، و. هەورامان فەریق کەریم، چاپخانەی خانی، دهۆک.**

**هەروتی، د. سەعدی عوسمان (٢٠٢١): مێژوی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە دەستپێکەوە تا کۆتایی جەنگی دوەمی جیهانی، چاپی دوەم، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر.**